تاوانێکی فەرامۆش نەکراو (17ی سەرماوەزی 1376)، کەریم پەرویزی



بیست ساڵ پێش ئێستا، لە بەیانییەکی ڕۆژانی نێوەڕاستی سەرماوەزدا، لەو ڕۆژانەیدا کە پاییز بەرەو کۆتایی دەڕۆشت، لە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦، ٨ی دێسامبری ١٩٩٧دا دوو ماشین لە سلێمانیی کوردستانی عێراقەوە وەڕێ کەوتن. دوو ماشینی سواری کە لە کوردستانی عێراقدا بە بەرازیلی دەناسرێن، ڕێگای پەنا پیرەمەگروونیان گرتەبەر و بە دووکان و خەلەکاندا ویستیان بەرزایی هەیبەت سوڵتان ببڕن و بچنە کۆیەی مەکۆی دێموکراتەکان.

دوو ماشینی سواری، دوو کادری ڕیبەریی حیزبی دێموکراتیان پێ بوو کە لە کەسە بەناوبانگەکان و کادرە بەوەج و لێوەشاوەکانی ڕێبازی سووری پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی بوون. دوو مەنسوور لە دوو شاری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەوە، یەکیان فەتاحی و ئەوی دیکەیان ناسری، یەکیان کادری نیزامیی حیزب کە لە فەرماندە هەرە بەناوبانگەکانی شۆڕشی ڕۆژهەڵات بوو و ئەوی دیکەیان کادری دیپلۆماسی کە خاوەن پرەنسیپی دێموکرات بوو بۆ پیوەندیگرتن لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگا و لایەنەکانی دیکە. دوو مەنسووری شۆڕشڤان، لەگەڵ پۆلە هەڵۆیەکی دێموکرات بە دەشت و بنارەکانی باشووردا بەڕێوە بوون بۆ نێو کۆڕی یاران.

مێژووی کوردستان و کورد، پڕە لە وانەی شۆڕشگێڕی و ئازایەتی و بوێری کە شۆڕشی وڵاتانی دیکە لە بەرامبەریدا چۆک دادەن، هەر لەهەمان کاتیشدا دەستی تاوان و خەیانەت پێ بە پێی بوێریی شۆڕشگێریی بە دوای تێکۆشەرانەوە بووە و بەرادەی هەر لاپەڕەیەکی بوێریی خەباتکارانی، چەپەڵکاریی خەیانەتکارانیش دێڕێکی مێژووی شۆڕشی کوردیان ڕەش کردووەتەوە.

لە شارۆچکەی دووکان، لە نێوەڕاستی ڕێگای مەنسوورەکانی دێموکراتدا بەرەو بارەگای هاوڕێیانیان، کەوتنە بۆسەی تیمی تیرۆریستیی کۆماری تاوان و سێدارەی ئیسلامی و تیرۆریستان ویستیان دوای پیلانەکانی دیکەیان بە دەم ڕێگاوە زەربەیەک لە حیزبی دیموکرات بوەشیننەوە و مەنسووری فەتتاحی شەهید بکەن، کە نەیانزانی فەرماندە قارەمانەکەی دێموکرات لە نێو ماشینەوە و لەو ڕێگا ناخۆشەدا لێیان دێتە دەست و هێرشەکەیان پووچەڵ دەکاتەوە. مەنسووری قارەمان بۆسەکەی تێک شکاند وتیرۆریستانی تارانی تاراند و دەستی بەسەر ماشینێکی سوپای پاسداراندا گرت کە بەڵگەیەکی زۆری خەیانەت و پیلانگێڕیی تێدا بوو.

بەداخەوە مەنسووری فەتاحی پێکرا و لە ڕێگای گەیشتن بە نەخۆشخانەی ئازادیدا شەهید بوو. بەڵام مەنسووری دیکە بە ماشینی دیکەی حیزب بە بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتاندا هاتە خوار و لە بەر بازگەی دەروازەی کۆیەدا وەک جاران بۆ لێپرسینەوە راوەستان و بە بزەوە سڵاو و چاک و چۆنیی لەگەڵ چەکدارەکانی بازگەدا کرد، بەڵام نەیزانی کە ئەمانەی ئەم جارە لە نێو بازگەکەن ئەوانی پێشوو نین. ئەمانە بزەی دۆستانەی ئەویان بەلاوە وەکوو ژەهر وایە و ئەمان دڵیان پڕە لە ژەهری نامەردی و دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی خەیانەتە. لە نێو بازگەوە دەسڕێژی خەیانەت لە مەنسووری ناسری کرا و هاوڕێ لەگەڵ سێ کادر و پێشمەرگەی هاوڕێی شەهید کران.

ڕۆژی دواتر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو تیرۆرە، ڕایگەیاند کە حیزبی دەسەڵاتداری ناوچەکە دەبێ وەڵامدەر بێ و ئەو تاوانبارانە بە سزا بگەیەنێ، چوونکە خەیانەتکار نابێ دەرباز بێ وخەباتی کورد پێویستە لە خەیانەتکار بپرسێتەوە.

چەند مانگ دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەوکات دوو ئیدارە بوو، ئیدارەی سلێمانی ڕایگەیاند کە ئەو تیرۆر و خەیانەتە مەحکووم دەکا و ئەوە کردەوەیەکی تاوانکارانەیە کە دژ بە دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی هەردوکیان کراوە و دەبێ دادگا لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە و تاوانباران سزا بدا.

ڕۆژی ٨ی دێسامبری ١٩٩٨، ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٧، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵڕۆژی تیرۆری ناجوامێرانەی دووکان و دەروازەی کۆیەدا، ڕایگەیاند کە دوای ساڵێک هێشتا چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی دادپەروەری لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانیەوەیە کە بەڵێنی دابوو جێبەجێی بکا.

شەهیدان مەنسووری فەتاحی و مەنسووری ناسری سەرەڕای ئەوەی کە کادری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لە کەسایەتیە بەناوبانگ و خۆشەویستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە بە کردار و رابردوو و فیداکاریی خۆیان جێگە و پیگەیەکی تایبەتیان لە نێو دڵی خەلکدا هەبوو. ئەوان نموونەی مرۆڤی خۆنەویست و نیشتمانپەروەر و فیداکار بوون کە بۆ خەڵکی کوردستان سەرچاوەی لێ فێربوون و پێڕەوی کردن بوون.

ئەزموونی ئەو دوو شۆڕەسوارەی گۆڕەپانی خەباتی رۆژهەڵات هەرکامەیان بەبەشی خۆی پڕ بوو لە وانە و فەسڵێ زێڕین و گرانبەها کە نەتەویەک شانازییان پیوە دەکا.

مەنسووری فەتاحی بازەکەی کۆساڵان، ئەو فەرماندە بەوەجە بوو کە بەدەیان شەر و عەمەلیاتی بە دژی سوپای داگیرکەری پاسداران دارشتبوو و بەڕێوە بردبوو و لە دەیان شەڕدا لمبۆزی داگیرکەرانی وەخاک گەوزاندبوو و بۆیە دوژمنان رقی زۆریان لێ لەدڵا بوو و خەڵکیش شایی لەرادەبەردەریان پی دەهات.

مەنسووری ناسری، ئەو کادرە دێموکراتە بوو کە نموونەی بەرزی خەڵکی بوون و مامۆستای ئەخلاقی جوامێرانە و شۆڕشگێڕی بوو و بە سەدان کەسی بۆ لای باوەڕەکانی حیزبی دێموکراتی راکێشابوو و هەر بۆیە دوژمن لێی تۆقیبوو.

لەگەڵ شەهیدان مەنسووری فەتاحی و ناسری، چەند کادر و پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون بە ناوەکانی شەهید ساماڵ ئیسمائیلی و رەفعەت حسەینی و یەدوڵا شیرین سۆخەن کە پێشمەرگەی خۆنەویستی مەکتەبی دێموکرات بوون.

کاتێک ژیان و بڕواکانی ئەو جۆرە مرۆڤە بەرز و تێکۆشەرانە چاو لێ دەکەی و لە وردەکاریەکانی ژیانیان دەکۆڵیتەوە، زۆرت بەلاوە سەیر دەبێ کە دەبینی لە نێو نەتەوەکەی خۆیاندا و لە نێو ئەو کەسانەدا کە ئەوان دڵنیاییان لێیان هەبووە، کەسانێک پەیدا دەبن کە دەستیان لەگەڵ دوژمنانی گەل تێکەڵ دەکەن و دڵیان پڕ دەبێ لە ژەهراوی خیانەت و دەسرێژ لە وەها شۆڕشگێڕانێک دەکەن.

ئەو پیلانەی بیست ساڵ پێش، سێ تاوانی گەورە بوو:

یەکەم تاوانێکی لەبیر نەکراو دژ بە خەباتی رۆژهەڵاتی نیشتمان بوو کە دوو ئەندامی رێبەریی ئەو شۆڕشەی کە کۆماری ئیسلامی لەمێژبوو بەدوایانەوە بوو تا زەربەیەکیان لێ بوەشێنێ بەڵام دەستی وێ نەدەگەیشتن و بە دەستی خەیانەت پێکران.

دووهەم تاوانێک بوو بەرامبەر بە جووڵانەوە و خەباتی باشوور و بەتایبەتی بەنیسبەت یەکیەتیی نیشتمانیەوە چوونکە یەکیەتیی نیشتمانی لە رۆژهەڵاتدا وەکوو هێزی پشتیوان دەناسرا و ئەو دەستە رەشانە ویستیان زەربە لەو ناوەی یەکیەتیی نیشتمانی بدەن.

سێهەم تاوانێک بوو بەرامبەر بە دۆستایەتی و پێوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک دوو حیزب لە رێکخراوە گرنگ و خاوەن پێگەکانی دوو بەشی کوردستان کە تاوانبارانی خەیانەتکار ویستیان ئەو پێوەندیە تێک بدەن.

دوای بیست ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو تاوانەدا و، دوای بیست ساڵ لە لەدەستدانی شۆڕشگێرانی شۆڕەسواری رێبازی پڕسەروەریی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، هێشتا رۆژهەڵاتی کوردستان نەک ناو و یادی ئەو قارەمانانەی لەبیر نەکردوە و تۆزی زەمان ناوبانگیانی دانەپۆشیوە، بەڵکوو هێشتا بیر و هزری رۆژهەڵات چاوەڕوانە کە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان ئەو دەستە تاوانکارانەی کە خەیانەتیان لە دۆستایەتیی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکرات کرد، بە رای گشتی بناسێنێ و رای گشتیی رۆژهەڵات بە قەناعەت بگەیەنێ. هەتا ئەو رۆژەی کە دادپەروەی جێبەجێ دەکرێ، هێشتا کوردستانی رۆژهەڵات پێی وایە کە قورگی سێوە بە سورمەی خەیانەت قرخەقرخی تێ کەوتوە. رۆژهەڵات چاوەڕێی دەنگی زوڵاڵی مامە سێوەیە.

دوای بیست ساڵ لە تاوان و خەیانەتی دووکان و دەروازەی کۆیە، کۆساڵان و ئاویەر و ئاربەبا و شاهۆ چاوەڕێی وەڵامێکن لە هەیبەت سوڵتان.

یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان بەرزە و رێگایان پڕ رێبوار.

2017-12-08

سەرچاوە: کوردستان مێدیا

## نامەی سەرئاوەڵا سەبارەت بە شەهیدکرانی پێشمەرگەکانی حدکا, بابەشیخ ناسری



زۆر بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاک مسعودبارزانی

زۆر بەڕێز سەرۆکی پارلمانی کوردستان

زۆربەرێز سەرۆک وەزیرانی هەرێی کوردستان

زوربەڕێز وەزیری دادی هەرێی کوردستان

بەڕێزان لایەنگرانی مافی مروڤ پشتیوانانی پێشمەرگەی کوردستان

(کارەساتی دەروازە ی کۆیە (1997/12/08



ڕۆژی 1997/12/08 بەرانبەر بە17 ی سەرماوەزی1376 هەتاوی ڕاگەیندراوێک لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرچوو کە باسی لە هەواڵێکی دڵتەزین دەکرد ،هەواڵی شەهید بوونی پێنج تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد نە بە دەستی تێروریستانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە داخەوە بە دەست چەکدارانی یەکیەتی نیشتمانی، ڕووداوە کە بەو شێویە بوو:

بەرەبەیانی ڕوژی 17 ی سەرماوەزی 1376 بەرانبەربە 08 دیسامبری1997 لە کاتێکدا پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە شاری سلیمانی بە ماشێنی حیزبیەوە بەرەو کۆیە وەڕێ دەکەون لە نزیک شاری دوکان دەکەونە کەمینی تیروریستەکانی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە یەکەم دەسرێژدا بە داخەوە کاک مەنسوری فەتاحی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە شەهید دەبێ، باقی تێکۆشەران بە رەنگاری تێروریستان دەبن

و ڕاویان دەنێن و سەیارەکەشیان پێ بەجێ دێڵن وبەرەو کۆیە درێژە بە ڕێگاکەیان دە دەن، لە دەروازەی کۆیە بە بێ هیچ بیانوویەک لەلایەن چەکدا رانی ئاسایش سەربە یەکیەتی نیشتمانی بە فەرماندەهی حاجی مەصیفی وەبەر دەس ڕێژ دەدرێن و هەموویان کە چوار کەس دەبن شهید دەبن کە ناوی شەهیدەکان بریتین لە: شەهیدان سەید مەنسورناسری ئەندامی سەرکردایەتی حیزب، ئەبوبەکرسمایل زادە (سامال) بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە، رفعەت حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی پاوە، یدواللە شیرین سوخەن پێشمەرگەی هێزی پارێزگاری و تەنانەت بێ حورمەتێکی زۆریشیان بە تەرمی شەهیدەکان کرد بوو، لەوڵامی بەیاننامە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتدا یەکیەتی نیشتمانی بە نوسراوە داخ و کەسەری خۆی دەربڕیبو و تاوانەکەیان وە ئەستۆ گرتبوو تەنانەت سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانی جەلال تاڵەبانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە کۆسرەت رسوڵ بو دڵ نەوائی سەردانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات یان کردبوو و بەڵێنی بە سزا گەیاندنی تاوانبارانیان دابوو و سەرئەنجام پاشی هاتوو چۆی چەندین وەفدی هەردولا و داواکاری حیزبی دێمۆکڕات و 56 ڕۆژ پاش ڕوداوەکە یەکیەتی نیشتمانی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 1548 ڕیکەوتی 1998/02/02 ڕونکردنەویەکی بەم عینوانە بڵاو کردەوە:



ڕۆژی 1997/12/8 ڕوداوێکی ناخۆش و دڵتەزین لە سەیتەرەی شاری کۆیە روی داو لە ئەنجامدا چەن لێپرسراوێکی برایانی حیزبی دێموکرات و دوو پێشمەرگەی ی.ن.ک شەهیدبوون بۆیە ئیمە حکومەتی هەریمی کوردستان زۆربە توندی دژی ئەم تاوانە دەوەستین وبەتوندی مەحکومی دەکەین،هەروەها دوپاتی دەکەینەوە کە ئەم کارەی ڕوی دا پێش ئەوە دژی حیزبی دێمۆکڕات بێت دژی .ی.ن.ک و حکومەتی هەریمی کوردستانە، و بۆ ئەم مەبەستە حکومە تی هەرێمی کوردستان سەرقالی لێکۆلینەوە لە گەل ئەو کەسانەیە کە پەیوەندی دارن بەم ڕوداوە و دوای لێکۆڵینەوەش تاوانباران دەدرینە دادگایەکی تایبەت وحیزب دێمۆکڕات و یەکیەتی نیشتمانیش لە ئەنجامەکە ئاگادار دەکرێنەوە"

سەرئەنجام ڕێکەوتی 1998/06/20 لە دادگایەکی ئەوتۆ وچاوەڕوان نەکراودا بە بێ لە بەر چاوگرتنی قانون و عۆرفی قەزائی تاوانبارانیان تەبرەئە و بەرەڵاکرد و شەهیدەکانیان تاوانبار بە قانون شکێنی نا ئەمن کردنی هەرێمی کوردستان بۆ ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد.

دەقی قەرای دادگاکە لە گەل ئەونامە یە دەخەمە بەرچاو ئێوەی بەڕێز و قەزاوەت بە ئێوە ئەسپێرم ئەگەر مەعنای عەدالەت وداد لەحکومەتی هەرێمی کوردستا ندا ئەوەیە با ئێمە ڕێگایەکی تر کە بێشک هەیە تاقی بکەینەوە و ئەگەر عەدالەت لە وەزارەتی دادی حکومەتی کوردستان بەوشێوەیە کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید سەید مەنسورناسری داواکارین بە زوترین کات لە دادگایکی عادڵانە دا پەروەندەی ئەو جەنایەتە کە یەکێ لە خالە ڕەشەکانی تەمەنی ئامران و بەڕێوە بەرانی ئەو جینایەتەیە لە سەر ڕا بکرێتەوە ، هەرلەو کاتەدا داوا لە بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری ی.ن.ک. داواکارین لەو پەیوەندیەدا بۆ بەڕێوەچوونی عەدل وداد یارمەتیمان بدەن ئێمە دیتمان جەنابیان لە ئیمزا کردنی قەراری لە سێدارە دانی جینایەتکارێکی وەک صدام حسین بۆ ڕێزگرتن لە مافی مروڤ خوێ پاراست تا بزانین کوشتنی شورشگێرانی ڕوژهەڵاتی پێ چون بووبێت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم نێوی ئەو کەسانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ بەشداری ئەوجینایەتە بوون بریتین لە: قادرحەمەجان (حاکم قادر) بەرپرسی ئەوکات وئێستای ئاسایش ، حاجی مصیفی فەرماندەری سەیتەرەی کۆیە لەکاتی ڕوداوەکە ،ئەرسەلان حەمەسور، حەمەامین وعبدالڕزاق عثمان، حسین ومەریوان کەماڵ محەممەد ،

ڕئیس دادگاکە لطیف طەمحمود، قاضی لطیف سعید معروف ، و قاضی فاروق عبدالواحد مصطفی،

العدد / ٢٢٥/ج/ ١٩٩٨

## - القــــــرار -

تشكلت محكمة جنايات السليمانية بتاريخ ٢٠/٦/١٩٩٨ من رئيسها السيد لطيف طه محمود وعضوية الحاكمين السيدين لطيف سعيد معروف و فاروق عبدالواحد مصطفى الماذونين بالقضاء باسم الشعب واصدرت القرار الاتي :-

المتهمون / ١- ارسلان حمه سور حمه امين ٢- عبدالرزاق عثمان حسين
٣- مريوان كمال محمد

احال حاكم تحقيق السليمانية /البلدة بقراره المرقم ٤٧ /احالة/١٩٩٨ في ١١/٥/١٩٩٨ والصادرة في القضية التحقيقية المرقمة بلا/ ١١٧ لدائرة المحقق العدلي المتهمين كل من ارسلان حمه سور حمه امين و عبدالرزاق عثمان حسين و مريوان كمال محمد موقوفين على هذه المحكمة لاجراء محاكمتهم وفق المادة ٤٠٦) من قانون العقوبات وبدلالة المواد ٤٧ و٤٨ و٤٩) منه وفي اليوم المعين للمحاكمة المصادف ١٠/٦/١٩٩٨ تشكلت المحكمة بحضور المدعي العام السيد حسيبه مجيد محمد واحضر المتهمين ودونت هوياتهم وحيث انهم لم يوكلوا محام وعملا بأحكام المادة ١٤٤) من الاصول الجزائية فقد انتدب المحامي السيد عبدالله احمد اسماعيل للدفاع عنهم بالنيابة لقاء حصوله على قرار الاحالة علنا و دونت اقوال المدعيين بالحق الشخصي جلال طاهر عبدالله وطارق شيرين سوخن والشهود كل من جمال نادر محمد (الملقب حاجي مصطفى) وزانا عبدالغني مجيد و حرين كمال سعيد . وقررت المحكمة نصب المحاونة القضائية عليه جزا وصية على القاصرة شادي سيد منصور للمطالبة بحقوقها وحضرت وقدمت طلباتها وتم تلي محضر الكشف على محل الحادث ومخططه ومحضر كشف الدلالة ومحضر ضبط الاسلحة والمبرزات الجرمية ولم ترتبط بالاوراق استمارة التشريح الطبي العدلي الخاصة بالمجنى عليهم لانهم قد اخذوا من قبل منتسبي الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني ولم يستحصلوا على الاستمارات والكشف على جثثهم ولا يعرف مكان دفنهم ودونت افادة المتهمين كل على انفراد ووجهت لهم التهمة وفق المادة ٤٠٦/ ١ - أ) من قانون العقوبات وبدلالة المواد ٤٧ و٤٨ و٤٩) منه وقرأت عليهم ووضحت لهم اجابوا عنها بالانكار وتم استمعت المحكمة الى مطالعة المدعي العام والى لائحة وكيل الدفاع والى اخر اقوال المتهمين ولاجل التدقيق اجلت المرافعة وفي الجلسة المؤرخة في ٢٠/٦/١٩٩٨ تشكلت المحكمة كالسابق بحضور المدعي العام واحضر المتهمين كما حضر وكيلهم المنتدب . سئل المتهمين عما اذا كانت لديهم اقوال اخرى اجابوا بالنفي وبعدها اعلن ختام المحاكمة ووضعت القضية قيد التدقيق والمداكرة :-

لدى التدقيق والمداولة :- وجد من سير التحقيق والمحاكمة ومن الادلة المتحصلة المتكونة من شهادة المدعيين بالحق الشخصي جلال طاهر عبدالله و طارق شيرين سوخن والشهود كل من جمال نادر محمد و زانا عبدالغني مجيد و حرين كمال سعيد ومحضر الكشف على محل الحادث ومخططه ومحضر كشف الدلالة ومحضر ضبط الاسلحة والمبرزات الجرمية واقوال المتهمين في كافة المراحل وتبين لهذه المحكمة انه بتاريخ ٨/١٢/١٩٩٧ تصدى عناصر من الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني الى مجموعة من منتسبي مكتب العلاقات الايرانية وبعد تبادل اطلاق النار تمكنوا من سرقة سيارتهم نوع بيكاب دبل قماره في منطقة خلكان التابعة لقضاء دوكان وبداخلها المستمسكات المتعلقة بالعلاقات بين حكومة الجمهورية الاسلامية الايرانية والاتحاد الوطني الكوردستاني واثر ذلك تم الاتصال بالمسؤولين لغرض اعادة السيارة وتفادي لوقوع اي اصطدام مسلح في المنطقة بين الطرفين وصدرت الاوامر من المسؤولين الى مديرية اسايش اربيل لارسال مفرزة الى نقطة سيطرة ازادي في مدخل كويسنجق لضبط سيارتين نوع برازيلي بيضاء اللون واحداهما رقم ١٣٠٧٦ واقتياد من بداخلها الى دائرة اسايش اربيل في كويسنجق واعادة السيارة المسروقة والمستمسكات التي كانت بداخلها وبناء على ذلك تم ارسال مفرزة من افراد الاسايش قوامها ( ١٧ ) سبعة عشر فردا بأمرة المتهم ملازم ارسلان حمه سور حمه امين الى نقطة السيطرة لتنفيذ الاوامر الصادرة اليهم واثناء قيامهم بتأدية الواجب حضرت السيارة المطلوبة المرقمة ١٣٠٧٩ نوع برازيلي قادمة من جهة جبل هيبت سلطان باتجاه كويسنجق وتم ايقافها وبداخلها اربعة مسلحين ببنادق كلاشنكوف وطلب منهم امر المفرزة ابراز هوياتهم للتعرف عليهم الا انهم رفضوا ذلك ورفضوا مرافقته الى مديرية الاسايش واثناء تبادل الاحاديث قام

زانا الله

الرئيس     العضو     العضو
فاروق عبدالواحد مصطفى

ص٢

- القـــــــرار -

العدد/ ٢٢٥/ج/ ١٩٩٨

سائق السيارة البرازيلي التي تم ايقافها برفع البندقية التي كانت بحوزته واطلق النار باتجاه امر المفرزة الا انه اصاب المدعو علي حسين عبدالله وهو احد افراد المفرزة واراده قتيلاً وكذلك قام بقية ركاب السيارة باطلاق النار ساادى الى اصابة نجاة علي حسين هو الاخر من افراد المفرزة وعلى اثرها قام المتهمون من جانبهم باطلاق النار على السيارة وقتل جميع ركابها .. وترى هذه المحكمة ان المتهمين باعتبارهم من منتسبي دائرة الاسايش ومكلفين بواجب رسمي ارتكبوا الفعل تنفيذاً لامر صادر اليهم من رئيس تجب عليهم اطاعة اوامره وتنفيذ تلك الاوامر تتفق مع حسن النية وتقتضيها مصلحة العمل وسرعة انجاز شؤون الاقليم والحفاظ على الامن والاستقرار والحيلولة دون وقوع اصطدام مسلح بين عناصر الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني ومنتسبي مكتب علاقات الجمهورية الاسلامية الايرانية في اقليم كوردستان وايد الشاهد جمال نادر محمد معاون مدير اسايش محافظة اربيل امام هذه المحكمة بصدور هذا الامر منه الى المتهمين وعليه فلا يعتبر فعل SSSSS المتهمين كل من ارسلان حمه سور حمامين وعبدالرزاق عثمان حسين وريبوار كمال محمد جريمة لانهم قاموا به بسلامة وتنفيذاً لامر صادر من رئيسهم كما تقضي بذلك المادة ٤٠ من قانون العقوبات يجب عليهم اطاعته لذا قررت المحكمة عدم مسؤوليتهم وسحب التهمة الموجهة اليهم وفق المادة ٤٠٦/١-ز من قانون العقوبات وبدلالة المواد ٤٧ و٤٨ و٤٩ منه واخلاء سبيلهم من التوقيف حالاً مالم يوجد مانع قانوني يحول دون ذلك استناداً الى احكام المادة ١٨٢/ د وهـ من الاصول الجزائية . واعادة البندقيات المرقمات ٢٦٨٥ و ٢٨٠٠٩٧١٣ و٢٨٣٦ المضبوطة بموجب محضر الضبط المؤرخ في ١٩٩٨/٤/١ الى مديرية اسايش اربيل للتصرف به حسب العائدية والاشعار الى مديرية اسايش السليمانية لتنفيذ ذلك بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية . وتقدير اتعاب المحاماة للوكيل المنتدب بثلاثين دينار تدفع الى المحامي السيد عبدالله احمد اسماعيل من الخزينة بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية .

وصدر القرار بالاتفاق وافهم علنـــــــــي ٢٠/٦/١٩٩٨.

| | | |
|---|---|---|
| الرئيس | العضو | العضو |
| لطيف طــه محمــود | لطيف ســعيد محمود | فاروق عبدالواحد مصطفى |

لەگەڵ ڕێزو حورمەتمدا بابەشیخ ناسری 2009/12/06 ئاڵمان

# سکاڵای هاوسەری شەهید سەید مەنسووری ناسری



ڕۆژی 1997/12/08 بەرانبەر بە17 ی سەرماوەزی1376 هەتاوی ڕاگەیندراوێک لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرچوو کە باسی لە هەواڵێکی دڵتەزین دەکرد ،هەواڵی شەهید بوونی پێنج تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد نە بە دەستی تێروریستانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە داخەوە بە دەست چەکدارانی یەکیەتی نیشتمانی، ڕووداوە کە بەو شێویە بوو:

بەرەبەیانی ڕوژی 17 ی سەرماوەزی 1376 بەرانبەربە 08 دیسامبری1997 لە کاتێکدا پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە شاری سلیمانی بە ماشێنی حیزبیەوە بەرەو کۆیە وەڕێ دەکەون لە نزیک شاری دوکان دەکەونە کەمینی تیروریستەکانی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە یەکەم دەسرێژدا بە داخەوە کاک مەنسوری فەتاحی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە شەهید دەبێ، باقی تێکۆشەران بە ڕەنگاری تێروریستان دەبن و ڕاویان دەنێن و سەیارەکەشیان پێ بەجێ دێڵن وبەرەو کۆیە درێژە بە ڕێگاکەیان دە دەن، لە دەروازەی کۆیە بە بێ هیچ بیانوویەک لەلایەن چەکدا رانی ئاسایش سەربە یەکیەتی نیشتمانی بە فەرماندەهی حاجی مەصیفی وەبەر دەس ڕێژ دەدرێن و هەموویان کە چوار کەس دەبن شهید دەبن کە ناوی شەهیدەکان بریتین لە: شەهیدان سەید مەنسورناسری ئەندامی سەرکردایەتی حیزب، ئەبوبەکرسمایل زادە (سامال) بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە، رفعەت حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی پاوە، یدوالله شیرین سوخەن پێشمەرگەی هێزی پارێزگاری و تەنانەت بێ حورمەتێکی زۆریشیان بە تەرمی شەهیدەکان کرد بوو.

بۆ خوێندنەوەی سەرجەم سکاڵاکە کلیک ئەم لینکە بکەن

**https://pmnews.se/teror/shehid_mensur_skalay_mnal_xanm_.pdf**

# لەبەر چیی ئێستا؟، بابەشیخ ناسری



ڕێکەوتی **2009/12/06** نامەیکی سەر ئاوڵام لە ساڵیادی جینایەتی دەروازەی کۆیە و شەهید کردنی چوار تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵات بە دەستی چەکدارانی یەکیەتی نیشتمانی ، لە سایتی هەڵویست ،پێشمەرگەکان ، کوردستان نیوزو .... بڵاو کردەوە.، شەهیدەکان کە بریتی بوون لە سیدمنسورناسری،ئە بوبکر ئسماعیل زادە ناسراو بە سامانڵ ،رفعە ت حسینی ، یداللە شیرین سخن کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بکوژەکانیش بریتی بوون لە ئەرسەلان حمەسور حمەئەمین و عبدولڕزاق عوسمان ،حسین و مەریوان کەمال محەممەد،و بە فەرماندەری حاجی مصیفی بە گشتی چەکداری یەکیەیەتی نیشتمانی ونێشتەجێ لە سەیتەرەی دەروازەی شاری کۆیە، وفەرمانیان لە ئاسایشی ی.ن.ک کە ئەو کاتە بەرپرسی قادر حەمەجان (حاکم قادر) بو وەردەگرت ، دوا بە دوای بڵاو بوونەوەی ئە ونامەیە کە دەقی بڕیاری دادگای هەرێمی کوردستان ( پارێزگای سلیمانیە) ڕئیسی دادگاە کە لطیف تاها محمود بە دادوەری دادوەران لطیف سعید معروف وفاروق عبدولواحدمصطفی یشی لە گەل بو،دوای بڵاو بونەوەی ئەو نامەیە پشتیوانی وهەڵویستی زۆر ئینسانی دڵسۆزی بە دواوە بوو کە بە ناردنی ئیمایل وتەلفون بیر و بوچوونی خۆیان بەرانبەر بەو جینایەتە دەربڕی و پشتیوانیان لەو کارەی من کرد ئەوەیان بە هەنگاوێکی بەجێ نرخاند ، هەر ئەوەیش هاندەر بوو کە نامەی سکاڵای خیزانی داخداری سەید مەنسور ناسری، براژن مەنال (منال عبدواڵلە) دانیشتوی لەندنی بەدواوە بێت، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ڕوونکردنەوەی لە وڵامی ڕخنەی دڵسۆزانە و بەجێ بەشێ لەو بەڕێزانە کە بو ئێستا واتا پاش چەند سال کە لەوجینایەتە گۆزراوە لە لایەکی تریشەوە هەندێ بەڕێزیش ئەو هەنگاوەی منیان بە جۆرێ تر لێک داوەتەوە کە گوایا لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا کەس یان لایەنێ ڕەنگە کەڵکێ خراپی لێ وەردەگرن و سودی خراپی لێ بەرن ، کە من لە پێشدا سپاسی خۆم ئاراستەی ئەو دڵسۆزانە ئەکەم و بە گەرمی دەستیان ئەگوشم ،و چاوەڕوانی هەڵویست و پشتیوانی لە مەو دوایشیان لێ دەکەم ،چونکە کاری کە دەستمان پێ کردوە لە هیچ هەلومەرجێکدا بەری نادەین و لە سەری ئەڕوین و پشتی ئەگرین ،وبە بێ پشتیوانی دڵسۆزان بە سەمەر ناگات چونکە ئەو شەهیدانە سەرمایە وجێ هیوا وهومیدی ئەوخەلکە بوون و گیان و ژیانی خویان لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی گەلەکەیان دا دانابوو، و بە چاوی ئومیدەوە سەیری ئەو بەشەی نیشتمانیان دەکرد کە نیمچە رزگارێکی بە خۆیەوە دی بوو، و چاوەڕوانیان نەدەکرد کە برای هاوخوێن و هاودەرد و هاو چارەنووسیان کە پەنایان بۆبرد بوو ، ئاوا دوور لە هەر چەشنە عورف و یاسای کوردانە و

مردانە و ئینسانی یەک دەس ڕێژیان لێ بکەن گۆلەبارانیان بکەن و بیان کەن بە کۆچی قوربانی ، هەلسوکەوتی چەکدارانی ی،ن ک بە ڕادەیەک چاوەڕوان نەکراو و دوور لە ئینتزار بووگە کە ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە تەرمی شەهیدەکانیان دیوە بە ئاشکرا علامەتی پرسیاریا ن بە ڕوومەتیانەوە خۆێندۆتەوە،

بەڵام بۆ ئێستا

بەڕێزان هەروەک هەموومان دەیزانین لە کۆتایی ساڵی **91** دا بە هۆی هەلومەرجێ کە بە دوای شەڕی کەنداوەوە لە عێراقدا هاتە ئاراوەوە بەشێ لە وڵاتە داگیر کراوەکەمان ئازادیەکی نسبی یان بە خۆیانە وە بینی و ئەو هەل و دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا ببن بە خاونی پارلمان و کیانێکی نەتەوەیی ، کە چی پاش ماوەیەکی کورت ململانی دەسەڵات و شەڕی براکوژی کە ناوچەی ئازاد کراوی گرتەبەر و لە ئەنجام دا ئەو پارچیەیش دابەش بوو بە دو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ی.ن.ک و پ.د .ک و شەڕی براکوژی و لە لایەکەوە، ئابڵوقەی ئابووری حکومەتی عێراق و ولاتانی دەوروبەرلە لایەکی ترەوە بارودۆخێکی خراپ و دور لە بێ تاقەتی بە سەر ئەو خەڵکە هەژار و تامەزرۆی ئازادیە سەپاند بوو کە تێر کردنی زگ و دابین کردنی بژیوی ڕۆژانە زەحمەت بوو و دابین کردنی کەرستەی شەڕی براکوژی بو حیزبەکانی لایەنی شەر، هەلێکی گۆنجاوی بو دەست تێوەردانی کوماری ئیسلامی ئێران لە بار کردبو و کۆماری ئیسلامیش بە دوای دو مەبەستی تایبەتیەوە بو

یەکەم تێکدانی ئەو بارودوخە گونجاوە

دوهەم کزولاواز کردن وبە گشتی تۆاندنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەڕێبەرایەتیەکەیان لە باشووری کوردستان جێگیر بوو بوون، دیارە پاوانخوازی و ململانەی دەسەلاتی زیاتر لە نێوان هێزە سەرەکیەکانی باشوورهەلومەرجێکی خولقاندبوو کە کوماری ئیسلامی لە هەر دوو ناوچەکەی باشوردا دەسەڵاتی لە کار بە دەستانی هەرێم زیاتر بێت ، چونکە هاوکات لە گەل هەر دوو لایەنی شەڕەکە پەیوەندی قورس و دێرینەی بوو و دابین کەری چەک کەرەستەی شەڕی هەر دوو لا هەر کۆماری ئیسلامی بوو و هەر لەو ڕێگایەیشەوە یاریشی بە هەر دوو لایەنی شەڕە دەکرد و لەو ڕێگایشەوە بە مەبەستە گلاوەکانی دەگەیی و لەهەر دو بەشەکە دەخالەتی دەکرد دیارە لە ناوچەی ی.ن.ک. زیاتر و هەر بەو بۆنەوە شۆرشگێرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەلومەرجێکی نالەبار وسەخت دا دەژیان و بە سەریان دەبرد لە لایەکەوە تروریستەکانی کوماری ئیسلامی سەر بە قەرارگای ڕەمەزان وحیزب و تاقمە ئیسلامیە دەسکردەکانی کوماری ئیسلامی بوون ولە لایەکی ترەوە بە شێوەکی گشتی نفووزی لە نێو ڕیزەکانی یەکیەتیش بە شێوەی حیزبی ڕاستەوخۆ وهەم بە شێوەی تاک لە سەرکەسانی دەسەلاتدار و مەسئوولی ناو ریزەکانی یەکیەتی کە کەمیش نەبوون، گیانیان دەکەوتە مەترسی

وە و راوروت ئەکران، هەندێ جار بە زیندویی و زور جاریش تەرمەکانیان بە کاربەدەستانی ئێران تەسلیم دەکران و معامەلەیان لە سەر دەکراو بە گشتی کوردی ڕوژهەڵات لە ناوخوێ ئێران و ناوچە میلیتاریزە کراوەکان ئەمنیەتیان زیاتر بوو تا لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە ناو رزگار کراو، دیارە هەڵویستی حیزبە رەسەنەکانی بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی پاراستنی ئەو دەسەکەوت و نیمچە ئازادیە بوو کە بەرهەمی شورش و خەبات و قوربانی و ئەنفال و کیمیاباران و قارەمانی خەڵکی ئەو بەشە لە نیشتمانەکەمانە و هەموو کوردێکی دلسۆز بە دڵەوە بە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەزانی لە هەر چەشنە یارمەتیەکی گۆنجاو دریغی نەکات و بە مادی و مەعنەوی هاریکاری خەڵکی ئەو ناوچەیە بن و کردیشیان بە تایبەت کوردی رۆژهەڵات ،لە هیچ فیداکاریەک دریغیان نەکرد و یار و یاوەری خوشک و براکانیان لە با شوری کوردستان بوون و ئامادەی هەرچەشنە فیداکاریەک بوون.

بەڵام هەر لەو کاتەدا چاوەڕوانی ئەوەشیان نەدەکرد کە ڕۆڵە و جگەر گوشەکانیان بکەن بە قۆچێ قوربان و بیان گوڕنەوە بە فەردە ئارد تەنەکە نەوت و بنزین ، هەروەها حیزبەکان بو دابین کردنی کەرەستەی شەڕی براکوژی معاملەیان پێوە بکەن بێ قیمەتیان بکەن ، تاڕادەیەک کە هەلومەرجێکیان خولقاند بوو هەر کەسێ لە دایکی دەتورا و نیازی سەفەری خاریج لە وڵاتی بوایا یان ،هەر کەسە و بە نیازی ژن هێنان بوایە بو دابین کردنی خەرجیەکەی بیری لەوە دەکردەوە (با ئێرانێکی بێ قیمەت نەی کرد بێت ) دیارە ئێرانیە بێ قیمەتەکە هەرکوردی ئێران بوو چونکە غەیرە کوردەکان لە لایەن حکومەتی ئێرانوە بەرگرییان لێ دەکرا بەڵام هەر کوردەکە بوو وەکو مریشک بۆ شایی وشیوەن سەردەبڕدران بەڵی لە ماوەی نزیک بە دەساڵ کوردی ڕۆژهەڵات ببوون بە کەرەستەی معامەڵە رزق و رۆزی ... ئەنجامی ئەو سات و سەودایە شەهید بوونی زیاتر لە حەفت سەد 700 کوردی ڕۆژهەڵات لە باشوری کوردستان کە زوربەێ هەرە زۆریان پێشمەرگە و خەباتکاری سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون ولە ناو ئەو شەهیدانە زیاترین بەش وە بەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوت بە دوو دەلیل

یەکەم حیزبی دیموکرات لەباری نەفەراتەوە لە باقی حیزبەکان بە هێزتربوو، زیاتر لە گشتیان بۆ کاربەدەستانی ئێران مەبەست بوو،

دوهەم رێبەری حیزب بە دوای شەهید بوونی دکتور.سادق شەرفکەندی لە ماوەی ئەو چەن ساڵە دا لاوازترین و بێ دەسەڵاتترین ڕێبەری بە خویەوە بینی ،

هەر بۆیە بە قەول دیواری دێموکڕات لە هە مووان نزمتر بوو عیساوار لە بەران بەر چەپڵاخەی لای چەپدا لای ڕاستیشی وەپێش ئەخست بۆ لێدان ، ئەگەر وانیە لە بەرانبەربە تەسلیم کردنەوە هەشت پێشمەرگەی ناوچەی هەورامان کە ڕاستەوخۆ حیزبە ئیسلامیەکانی باشوورکە بە ئێرانیان تەسلیم کردن و بە داخەوە پاش ئەشکەنجە شەهید کران چیان کرد خو کەس و لایەنەکان دیار و ئاشکرا بوون ، لە بەرانبەر جینایەتی دەروازەی کۆیە چیان کرد ، ئەو کارەێ کە من پاش چەن

سال چاوەڕوانی ئێستا دەستم پێ کردوە دەبووا حیزبی دیمو کرات هەر ئەو کات بی کردبایەکە نەیان کرد .

بەڵام ئێستا لە لایەکە وە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارلمانی کوردستان سەقامگیر بووگن و کەمتر مەترسیان لە سەرەو بەرەو دەسەڵاتی قانوون و سیستەم هەنگاو هەل دەگرن ، و لەلایەکی تروە یەکیەتی نیشتمانی کە لە پێشدا هێزیکی سەرەکی بوو لە حکومەتی هەرێمدا ئەزموونی هەلبژاردنەکەی پارلمانی کوردستان لە ئەمسال دا ئەو ڕاستیە ئاشکرا کرد ئەو حیزبە ئەو جێگەو پێ گەیەی جارانی لە نێو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان نەماوە ، بوون و نەبوونی دەورێک نابی نی و بە بێ ی.ن.ک. یش خەلکی کوردستان بەڕەوتی خویان بەرەو دابین کردنی ویست و داوخوا زیەکانیان هەر درێژە دەدەن .

حەز ئەکەم ئامارژە بە خاڵیکیش بکەم لەو دوایانەدا ئالو گۆڕێک لە ڕیزەکانی ی.ن.ک.پێک هاتووە کە بە نسبەتی ئەو جینایەتانەوە کە لە نەوەدەکاندا سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات کردوویانە وەکو یەک تاوانبارن و ئێستایشی لە سەر بێت بەرانبەر بەو کار و کردەوانە هیچ هەلوێستیکیان نەگرتوە ڕەنگە ئەوانە کە جینایەتیان کردوە خویان لە ڕیزەکانی گۆڕاندا جێ کرد بێتەوە، بۆ ئاگاداری خوێنەران نامەی ئاوەڵام بو سایتەکانی هەمویان هەنارد.

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان مەلا عەبدوڵڵای حەسە ن زادە و کاک مستەفای هیجری



بە رێزان! ئە ندامانی رێبەرایەتی هەردوو باڵی حزب(حدک،حدکا) !

وەکو ئاگادارن، سیانزە ساڵی ڕەبەق بە سەر تیربارانکردنی هاوسەرەکەی من سەید مەنسوری ناسری ئەندامی کومیتەی ناوەندیی و سێ هاوڕێی کادرو پێشمەرگەی حدکا لە 8 /12/ 1997 بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا تێدەپەڕێ.

بۆ وەبیرهێنانەوەتان دەتوانم ئاماژە بە ئۆرگانی حیزبەکەتان بکەم کە لە ژمارەی 252 دیسامبری 1997دا بە دورو درێژیی نووسیوتانە و بەڕێزمەلا عەبدوللا حسنزادە کە ئەوکاتە سکرتێری حیزب بووە باسی ئەو جینایەتە سامناکە وجینایەتی تیرۆری مە نسوری فتاحی ئەندامی کۆمیتە ی ناوە ندی و سێ هاوڕێی بریندارى لە نزیک دوکان لە هەمان ڕۆژداو لەپە یوەندیی بە جینایەتی تیربارانکردنی هاوسەرەکەی من و سێ هاورێ لە خاڵی پشکنینی دەروازەی کۆیە کردوە. بە پێویستی نازانم بۆ ئێوە باس لە بەسەرهاتی تاڵی خۆم وماڵ وێرانییو ژیانی کچە بێ باوکەکەی خۆم بکەم . چونکە هەر من کۆست کەوتوونیم و سەدانی وەکومن هەن کە تەنانەت نازانن ئازیزەکانیان لەکوێ کوژراون و لەکامە شوێن فرێدراون. نە ئێوە و نە کەسی دیکە بەشوێنیاندانەچوون. بەڵام ئێوە لەبەسەرهاتی کوشتنی هاوسەرەکەی من و سێ هاورێکەی و ئەو تیرۆرانەی کە لەسەرەوە باس کران ئاگادارن.

لە ماوەی ئەو سیانزەساڵەدا لە لایەن ئێوەی بەرپرسی حیزب، نەمن و نە بنەماڵەی هاوسەرەکەم سەبارەت بە بەدواداچوونی ئەو جینایەتە و ناساندنی بڕیاردەران

هیچ ئاگادارییەکتان بە ئێمە نەداوە. بە داخەوە نە تیرۆری ئەو هەموو کادرو پێشمەرگەو لێقەوماوە بۆ ئێوە مەسەلە بووە و نە خۆم کارێکم بۆکراوە. من بۆم هەیە ئێوە بەبەرپرسی ئەوکارەبزانم و داواتان لێبکەم و بڵێم کە ئێوە جینایەتکاران بناسێنن. بۆم هەیە داواتان لێبکەم و بپرسم کە ئێوە بۆ ناساندنی ئەو جینایەتکارانە بە دادگا چیتان کردووە؟ ئێوە بەرپرسی حیزبی دیموکرات بوون و هاوسەرەکەی من بە بڕیاری بە ڕێزتان و لەژێر تەنزیمی ئێوەدا کاری کردبوو. هاوژینەکەی منتان بۆ کۆبوونەوە بانگ کردبوو... بەڵگە و دیکۆمێنت کە لە ئوتومبیلەکەدا دۆزرابۆوە نیشاندەدەن ئیتتیلاعاتییەکان لە هاتنی هاوژینەکەی من و هاورێکانی بۆ دەفتە ری حدکا ئاگادار کرابوون. پێویست ناکا من ببمە لێکۆڵەر و ناوی کەسانێک کە هاودەستی جینایەتکاران بوون باس بکەم. ئەوە کاری داواکاری گشتییە کە دەوری کەسانێک کە لەپشتی ئەو جینایەتە و سەدان جینایەتی دیکەدا بوون، روون بکاتەوە. من تەنیا داوام ئەوەیە کە بزانم ئێوە چیتان لەدەست هاتووە و ئەو بیدەنگییەتان لەمەڕ ئەو هەموو جینایەتە کە کراوە چ هۆیەکی هەبووە؟ بە رێز مەلا عەبدوللا حسنزادە باشتر لە هەموو کەس دەزانێ کە مێردەکەی من و **4** کەسەکەی دیکە بە فەرمانی کێ و بە پیلانی کێ کوژراون. ئەو دەزانێ کێ بەرپرسی ئەو کارەساتە دڵ تە زێنەیە. من تەنیا دەمەوێ بزانم کێ بەرپرسەو بۆ سکاڵای خۆم و دادگەریی و ستەمێک کە لە من و کچەکەم و بنەماڵەی خۆم و هاوسەرەکەم و دەیان کەس و کاری دل -بریندارى من کراوە داوای لێکۆڵینەوە و دادپرسین بکەم. کێ بە رپرسە لە وڕووداوەدا ؟ من دە مە وێت راستییە کا ن بزا نم و تاوانباران ئا شکرابکرێن.

بەرێزان ئاگادارن کە دادگایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای سلیمانی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارەکان پێک هات. سەیرە کە بڵێم نە بە رێزمەلا عەبدوللا و نە نوێنەرێکی و نە شاهیدیکی ئەو جینایەتە لە لایەن بەرپرسانەوە لە نمایشی سەربڕینی عەدالەت و داد و مافدا بەشداریی کرد.

دوای خوێندنە وە ی بریاری دادگای سلێمانی وە کوخۆ م چە ندە ها پرسیا رم لا دروست بووە هە ر چەندە کە من کە سێکی یاسایی نیم، داوام ئە وە یە ئێوە کە بەسەدان کەستان دوچاری ئەو چارەنووسە ڕەشەکردووە و لە رووداوەکان ئا گا داربوون بە پێی پرینسیپ ئێوە دەبوو بەدوای پەروەندەی بەناهەق کوژراوانی حیزبەکەتاندا بچن. سیا نزە ساڵە هیچ زانیارییەکتان بە من نەدواە.

لە دادگایی کردنە کە بۆم دە رکە وت کە چە ند نادادوە ری تێدایە و ئەیخەمە بە رچاوی خوێنەران . جاخۆتان و ویژدانتان بڕیاربدە ن!

- تیرباران کراوان چوار کەس بوون و تیرۆرکراو کەسێک بووە. سێ کەسیش بریندارکراو بوون. لە بڕیاری دادگای یە کێتی نیشتمانیدا تەنها باس لە چوارکوژراوکراوە . نازانرێت ئەو کوژراوانە کێ بوون . چونکە لە بریارە کە دا ناوی هیچکام لە کوژراوە کانی تێدانیە. کوژراوێک کە ناوی نە بێ ئەو دادوەرە کێی مەحکوم کردووە؟!

2—دادوەری لێکۆڵەر کە ئەو پە روە ندە یەی ئامادە کردوە دیا ری نە کراوە کە کێ بووە. چونکە ئەویش بێناوە. هەروەها داوا کاری گشتی لەو پەروە ندە یە دا هیچ دەورێکی نە بووە.

3- لە مەڕئەو ڕووداوە لە هیچ شایە تێک پرسیار نەکراوە. لە شوێنی ڕووداوە کا نیش باسێک نییە.

4- پزیشکی دادوەریی لاشەی کوژراوە کانی نە بینیوە. بە پێی بڕیا ری دادگا کە ئاما ژەی پێکردوە : حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رێگای نەداوە کە پزیشکی دادوەریی لاشەکانیان ببینێ. گوایە لا شەکانیا ن بردووە بۆ شوێنی نە زانراو هەر بۆیە نە یانتوانیوە لێکۆڵینە وە ئەنجام بدەن.

5- لە بڕیارە کەدا تە نها ئاماژە بە ناوی من(مە نال) وبرای شە هید ( یداللە شیرین سخن) کراوە کە لەوێ ئا مادە بووین. بەلام باسی بنە ماڵە ی شە هیدە کانی دیکەی تێدانییە.

6- بە داخە وە نە بەرێز مەللا عە بدوڵلای حەسەن زادە و نە بەرێز کاک مستە فای هیجری نە کە سێکی دیکە لە لایە ن حزبە وە لە و دادگا یە دا بە شدارییان کردووە . چونکە شایەتیدانی ئەوان لە سە ر ڕوداوە کە پێویست بووە. ئەوان بەرپرسی ئە حیزبە بوون. ئەوا ن بۆ بەئە نجام گەیا ندنی کاری حزبی دە رۆیشتن. وا تە (کۆ بوو نە وە)لە سە ر داوای بە رێزیا ن بووە.

7- بە رێز مەلا عەبدوڵای حەسە نزادە بڵاوی کردۆتە وە کە گوایە بە رپرسا نی یە کیتی نیشتما نی داوای پێکهێنانی کۆمیتەیە کیان کردوە بۆ لێکۆلینە وە لە سە ر

ڕوداوە کە، بە ڵام بە ڕێزیان نا زانرێت لە بە رچ هۆیە ک ئەو پێشنیا رە یان رە ت کردۆتە وە؟

**8-** لە بڕیاری دادگاکە دا شەهیدەکان بەوە تاوانبارکراون کە هەستاون بە دزینی ئۆتوموبێلی ئە ندامانی بەشی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە جۆری (پیکاب دەبل قەمەرە) وە هە روەها تاوانباریشکراون کە بە چەک هێرشیان کردۆتە سەرئەندامانی بەشی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وپێشمە رگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خاڵی پشکنینی دەروازەی کۆیە. هەروە کو یەکێک لە گومان لێکرا وە کان لە کا تی دادگایی کردنە کەدا ووتی ئەوانە لە ژێرئاڵای سەوزی یەکێتی نیشتمانیدا تەقەیان لە ئێمە کردوە وئێمەش دیفاعمان لە و ئاڵا سەوزە کردووە.

پرسیاَ ر ئەوە یە کە لە خاڵی پشکنینی دە روازەی کۆ یە ئۆتوموبێلە کە یان وە ستاندوە کە لە جۆری( بە را زیلی سپی) کە ژما رە کە ی (13079)کە ئە م ئۆتوموبێلە بە را زیلی یە بە دەست ئە ندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە وە بووە وبە وریگایە داچەندها جار رۆیشتووە . وە هە مووکە سێک ئاگادارە . هەمیشە لە خاڵی پشکنیندا دە بێت ئۆتوموبێل رابوە ستێت. بەلام بە داخە وە لە کاتی وە ستاندا هە رچواریان شە هید دە کە ن. بە بێ ئە وە ئەو چوارکەسە دەستیان بۆچەک بردبێ. بە پێی ئاگاداری بە رێز مەلا عەبدولای حە سە ن زادە، تە نانە ت دە رگای ئۆتوموبێلە کەیان نەکردبۆوە کە لە نا ویدا دە ستریژیا ن لێکراوە . هەروها لە پە روە ندە کە دا هاتوە کە حەڤدە چە کدار نێردراون بۆ گرتن یان کوشتنی ئە و پێشمە رگانەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئە وە نیشا ن ئە دا ت کە جینایە تە کە بە بڕیارودارێژراو سیا سی بووە. وا تە لە پێشدا بڕیاری کوشتنی ئە و کە سانە درابوو.

بە رێزان مرۆڤ دۆستا ن مافناسان! بە وە بە رچا وگرتنی ئە و خاڵانە ی کە من ئا ماژە م پێ کردن داواکارم پێم بڵێن کە بە پێی کام بنەمای یا سا یی پێنج ئە ندامی رێبەرا یەتی حزب پێشمەرگەی خاوەن چە ند سا ڵ خە باتی میللەتی کورد بەو شێوە پەلاماردانە دە ستریژیان لێ بکەن. سە رە رای ئە وە ی کە تاوانبارە کا ن سزا نەدران و ئا زادکران لە گە ڵ ئەوەدا شە هیدە کان بە نا وی تا وا نبار نا سێنراون.

داوا ئەکەم ئاگادارم بکەن کە ئەو حزبە وە کو ماف پارێزی شەهیدە کان بۆ ئە و پەروەندەیە چی کردوە و بە چ ئا کامێک گە یشتووە. ئایا سیانزە ساڵ بۆ وەلامی ئەو پرسیارە یمن بەس نییە؟

مەنال تایە رعە بدولا هاوسەری تیربارانکراو سە ید مە نسوری نا سری

..

بڕیار

ژمارە /٢٢٥/ج/١٩٩٨

دادگای جنائی شاری سلێمانی رێکەوتی ١٩٩٨/٦/٢٠ لە لایەن سەرۆکەکەیەوە بەرێز ( لەتیف طەمحمود) بە بەشداری ئەندامانی دادگا بەرێزان (لەتیف سعید معروف) لە گەڵ ( فاروق عبدالواحد مستەفا) رێگەیان پێدراوە بە ناوی گەلەوە کە دادوەری بکەن و ئەم بڕیارانەی خوارەوە بدەن:

گومان لێکراوان:

1ئەر سەلان حمەسور حمەامین ،عبدالرزاق عثمان حسین ،مەریوان کمال محمد

دادوەری لێکۆلینەوەی سلێمانی ئاماژەی کردوە بە بڕیاری ژمارە /٩٧ کە ئەویش ئاماژە دەکات بە بڕیاری ٩٩٨ لە رێکەوتی ١٩٩٨/٥/١١ کە دەرچووە لە لێکۆلینەوەی رووداوە کە کە ژمارەکەی ٩٩٧ی بەرێوبەرایەتی لێکۆلینە وەی دادوەری کە هەریەک لە گومان لێکراوان

ئەرسەلان حمەسور حمەامین، عبدالرزاق عثمان حسین، مەریوان کمال محمد کە گیراون بە پێی بڕیاری دادگا وە دادگایی کردنیان بە پێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادان بە پێی مادەکانی ٤٧ و ٤٨و ٤٩ بۆ دادگایی کردنیان لە رۆژێکی دیاری کراودا کە لە رێکەوتی ١٩٩٨/٦/١٠.

دادگا پێک هات بە ئامادەبونی داواکاری گشتی بەڕێز حمید مجید محمد و بە ئامادەبونی گومان لێکراوانی ناو براو بۆ دادگایی بە بێ دانانی پارێزە بۆخۆیان

هەر بۆیە بە پێی مادەی ١٤٤ لە بنەمای یاسایی سزاداندا بڕیاردرا پارێزەر دەست نیشان بکرێت کە ئەویش بەرێز عبداللە احمد اسماعیل دانرا بۆ داکۆکی کردن لێیان بە بانگهێشت کردن و ئامادە بوونی ناوبراو بڕیارە کە ئاشکرا کراو خوێندرایەوە ،وە هە روە ها ووتەی خاوەن سکالاکان بە ما فێکی کەسایەتی دانرا بۆ منال طاهر عبداللە و عارف شیرین سوخن وە هەریەک لە شایەتەکان کە بریتین لە جمال نادر محمد ناسراو بە حاجی مەسیفی) و ( زانا عبدالغنی مجید وحمرین کمال سعید.

دادگا بڕیاری دا بە دانانی جێگری دادوەری کە ئەویش بریتی بوو لە شلێر جزا بۆ سەرپەرشتی مندالە بچوکەکە شایی سید مەنسور) بۆ داواکردنی مافەکانی. کە ناوبراو ئامادە بوو داواکەی خۆی بە دادگا پێشکەش کرد، دوابە دوای ئەوە نوسراوەی پشکنین کە بۆ شوێنی رووداوە کە ئامادە کرابوو بە بەڵگەکانی پشکنینی بەر جەستەیی و راگرتنی چەک و بەڵگەی تا وان کردن خوێندرایەوە بە بێ هەبوونی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری تایبەتی بۆ ئەوکەسانەی کە تاوانیان بەرامبەر کراوە لە بەر ئەوەی لاشەکانیان براوە لە لەیەن ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوەو نەیان هێشتووە هیچ جۆرە پشکنینێک بکرێت لە سەر لاشەکانیان وە شوێنی ناشتنیان بزانرێت وە هەروەها هەریەک لە تاوان باران بە شێوەی تاکەکەسی ووتەیان لێ وەرگیراو تاوان بار کران بە پێی ماددەی ١/٤٠٦ لە یاسای سزادان بە پیی ماددەکانی ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ ، کە بۆیان خوێندرایەوە و بۆیان روونکرایەوە. گومان لێکراوەکان بە حاشاکردن وەڵامیان دایەوە دواتر دادگا گوێی بۆ ووتاری داواکاری گشتی راگرت وە هەروەها بۆ نوسراوەی پاریزەر تا کۆتایی ووتەی تاوان بارکراوەکان وە لە بەر خاتری ووردبونەوە لە رووداوەکە کێشەکە دوا خرا بۆ رۆژی ١٩٩٨/٦/٢٠ کە دادگا وەکو جاری پیشوو پێک هێنرا بە ئامادە بوونی داواکاری گشتی و گومان لێکراوان لە گەل پارێزەری دیاری کراویان. پرسیار کرا لە گومان لێکراوەکان کە ئایا هیچ ووتەیەکی ترتان هەیە؟ ئەوانیش بە نەخێر وەڵامیان دایاوە، ئنجا دادگا بریاری کۆتایی بە دادگایی کردن هێناو رووداوەکەی خستە ژێر بەندی لێکۆلینەوەو بیر لێکردنەوە.

لە کاتی ووردبونەوەو پێداچوونەوە بینرا لە رەوتی لێکۆلینەوە و دادگایی کردنەکەوە لەو بەڵگانەی کە بە دەستمان هێناوە کە بریتین لە شایەتی دانی خاوەن سکاڵاکان کە بریتین لە منال طاهر عبداللە و عارف شیرین سوخن وە شایەتەکانی دیکە کە بریتین لە جمال نادر محمد و زانا عبدالغنی مجیدوحمرین

کمال سعید وە راپۆرتی پشکنین لە سەرشوێنی ڕووداوەکەوە بەڵگەکانی پشکنینی بەر جەستەیی و ڕاگرتنی چەک و بەڵگەی تاوان کردن و ووتەی تاوان باران لە هەموو قۆناغەکاندا وە ئنجا روون بووە بۆ ئەم دادگایە!!.

کە لە رێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٨ تاقمێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێرشیان کردووەتە سەر تاقمێک لە ئەندامانی بەشی پەیوندیەکانی ئێران وە دوای تەقە و پێکدادان ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران توانیان دەست بگرن بە سەر ئوتومبێلەکەدا لە جۆری پیکاب دەبل قەمەرە وبیدزن لە ناوچەی خەلەکان کە سەر بە شارۆچکەی دوکانە، لە ناو ئوتومبێلەکەدا بەڵگەنامەی جۆراوجۆرهەبووکە پەیوەندیان هەبووە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان کۆما ری ئیسلامی ئێران و یەکێیتی نیشتما نی کوردستان دا.

دوا بە دوای ئەوە پەیوەندی کراوە بە بەرپرسا ن بە مەبەستی گەراندنەوەی ئوتومبێلەکە بۆ ئەوەی پێکدادانی چەکداری لە ناوچەکەدا لە نێوان ئەو دوولا یەنەدا روو نەدا . وە بۆ یەفەرمان دەکرا لە لایەن بەرپرسان بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بە ناردنی مەفرەزەیەک بۆ خاڵی پشکنینی ئازادی لە دەروازەی کۆیە رەوانە بکرێت بۆ ئەوەی هەردوو سەیارەی جۆری برازیلی سپی کە یەکێکیان بە ژمارەی ١٣٠٧٩ دەستگیر بکرێت بە سەرنشین و هەر بەڵگەنامە و کەلوپەلێک لە ناوی دایە و بگەرێنرێتەوە بۆ بەرێوبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە کۆیە. بە پێی ئەم فەرمانە بەرێوبەرایەتی ئاسایشی هەولێر هەڵسا بە ناردنی مەفرەزەیەک کە پێک هاتبوو لە ١٧ چەکدار بە سەرۆکایاتی گومان لێکراو ملازم ئەرسەلان حمەسور حمەامین بۆ خاڵی پشکنینە کە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو فەرمانەی کە پێیان درابوو وە لە کاتی هەڵسان بە جێ بە جی کردنی فەرمانەکە سەیارەی داواکراو لە جۆری برازیلی ژمارە ١٣٠٧٩ دەرکەوت کە لە رێگەی شاخی هەیبەت سوڵتانەوە دەهات بەرە و کۆیە ئنجا لە لایەن مەفرەزەکەوە سەیارەی ناوبراو ڕاگیرا کە لە ناویدا چوار چەکدار هەبوو، وە داوایان لێکرا کە وا ناسنامەکانیان پیشان بدەن تا بناسرێن بەڵام ئەو داوایەیان رەد کردەوەوە هەروەها رەدیان کردەوە کە لە گەڵیاندا بچن بۆ بەرێوبەرایەتی ئاسایش وە لە کاتی ئەم مشتو مرانەدا لێخوری سەیارەی برازیلی کە ڕاگیرا بوو ئەو تفەنگەی کە پێی بوو بەرزی کردەووە بەرە و

ئامر مەفرەزە و تەقەی کرد لە ئاکامدا علی حسین عبدالله تاکێک لە ئەندامانی مەفرەزە بە قەستی کوشتن پێکای و بە شوێنیدا باقی سەرنشینەکانی ئەو سەیارەیە هەستان بە تەقەکردن ونجاة علی حسین یەکێکی دیکە لە ئەندامانی مەفرەزە بریندار کرا و دوابە دوای ئەوە گومان لێکراوان لە لایەن خۆیانەوە هەستان بە تەقە کردن لە سەیارەکە و کوشتنی هەموو سەرنشینەکان.

ئەو دادگایە وای دەبینێ کە گومان لێکراوان سەر بە بەرێوبەرایەتی ئاسایشن ئەرکی رەسمی خۆیان بە پێی ئەو دەستورەی کە لە لایەن سەرۆکەکەیانەوە پێیان درابوو بەرێوە بردووە. ئەوە ئاکامی هەل ومەرجێکی گونجاو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو فەرما نە بووە.

کە بریتیی بووە لە خێرا یی بەرێوەبردنی کا روبا ری هەرێم، پا راستنی هێمنا یەتیی سەقا مگیریی و پێشگیریی لە تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وئەوانەی کە سەربە دەفتەری پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلا میی ئێران لە هەرێمی کوردستانن..ئەوەش لە لایەن شایەت جمال نادر محەممەد یاریدەدەری بەرێوەبەری ئاسایشی پارێزگای هەولێر لە بەردەمی ئەو دادگایەدا تەئید کراوەکە دانی دەستور لە لایەن ئەوە وە بە گومان لێکراوان دراوە و ئەو کردەوە یە پەیوەندی بەوە وە هەیە نەک بە گومان لێکراوان ئەرسەلان حمەسور حمەامین، عبدالرزاق عثمان حسین،مەریوان کمال محمد تاوانێکیان نییە، چونکە ئەوانە فەرمانێکە کە لە لایەن فەرماندەکەیانەوە پێیان دراوە بەرێوە بردووە کە لە گەڵ مادەی ٤٠ی قانونی سزادان

دەگونجێ کە ئەرکی خۆیان بووە پەیرەوی لە فەرمانی سەرۆکەکەیان بکەن، لە بەر ئەوە دادگا بڕیاری دا کە ئەو کەسانە بەرپرس نین و ئەو تاوانەوە ر دەگرێتەوە کە خراوەتە پاڵ ئەو کەسانە بە پێی مادەی١/٤٠٦ یاسای سزادان و بە پێی مادەی ٤٧،٤٨ ٤٩ بۆ ئازاد کردنی بە پەلەی ئەو کەسانە کۆسپێکی یاسای نی یە. جیا لەوە بە پێی حوکمەکانی ماددەی/١٨٢د و ە

لە ئوسوڵی سزادان ودانەوەی تفەنگەکانیان بەو ژمارانە ٢٦٨٥-٢٨٠٠٩٧١٣-٣٨٣٦ کە لێیان وەرگیرا بوو بە پێی دەستوری دەست بە سەردا گرتنی چەکەکان لە ١-٤-١٩٩٨ دەبێ بدرێنەوە بە بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێرو راگەیاندنی بە بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بۆ ئەنجام دانی ئەوکارە پاش وەرگرتنی حوکمی

کۆتایی پێهێنان و دانی ٣٠ دینار بە پارێزەر عبداللە احمد اسماعیل لە خەزێنە پاش ئەوەی بڕیاری کۆتایی ڕاگەیەنرا، ئەم بریارەیەک دەنگ دراو بە ئاشکرا لە رۆژی **1998/6/20** ڕاگەیەنرا. **1**

سەرۆکی دادگا: لەتیف طە محمود.

ئەندامی بڕیاردەر: فاروق عبدالواحد مستەفا

ئەندامی بڕیاردەر: لەتیف سعید محمود

سەرنج و رامان لە نامەی کراوە بنەماڵەی شەهید سەید ناسری، هێمن



سەرنج و رامان لە نامەی کراوە بنەماڵەی شەهید سەید ناسری بۆ حیزبی دێموکرات (حدکا و حدک)

تیرۆرکردنی ئەندمانی ریکخراوەسیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی لە باشووری کوردستان بەدەستووری نیزامی شیعەی ئیسلامی ئێران، بەدەستی بەشێک لە هێزەکانی یەکێیتی نیشتمانی نە دیاردەیەکی نوێ یە و نە تەواو بوونیشی دەبێت.

زۆرجار خوینی ڕۆڵەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەو پەری ناجوانمێرانە و لە بێ دەسەڵاتی و مەزلومییەت دا رژاوە و هیچ کەس و لەیەنێک و رێکخراوەیەکی سیاسی کوردستانی باشوور هەنگاوێکی بۆ پێشگرتنی ئەو کردەوەی نائینسانی و تیرۆریستی یە نەناوەتەوە، تەنانەت هێزکانی ئیتەلاعاتی ئێران و سپای پاسداران مەودا و دەرفەت یان بۆ تیرۆکردنی ئەندامانی ریکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان زیاتر لە پێشوو یان بۆ خۆڵقاوە، بێ ئەوەی دادگایەک پێک بێت و بەکۆژانی ئەو ڕووداوانە دادگایی و سزا بکا.

لەوەیدا کە نەفۆز و دەسەلاتی هێزی سیخۆری ئێران لە هەرێمی کوردستان بێ سنوورە، هیچ شک و گومانێک نیە، بەڵام ئەوەی جێ تەئەسۆف و نیگەرانی و سەرسوورمانە، یەکەم تیکەڵاوی و خۆفرۆشی ئەو کەسانە لە باشووری کوردستانە کە فەرمانی تیرۆکردنی ڕۆڵەکان و ئەندامانی ریکخراوەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستووری ناوەندی یەکانی سەر بە داموودەزگای سیخۆری ئێران جێ بە جێ دەکەن و بەم شێوەیە بەرژەوەندیەکانی نیزامی ئیسلامی ئیران بەجێ دەهێنن، و خەسارەیەکی پەر مەزن لە جوولانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن.

دووهەم بەپەرۆشی، مەسەلەی هەڵوێست و بێ تەفاوەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو رابەتەدایە، ئەگەر حیزبی دێموکرات ئەوە دەسەڵاتشی لە باشووری کوردستان بەدەستەوە نەبێت کە بتوانی سزای تیرۆریستەکان ئەو ڕووداوانە بکا، لانی کەم ئەوەیە حیزب دەبێت وەداوکەوتنی ڕووداوەکان بەمەبەستی یارمەتی دانی دادگاکان بۆ سزادانی قاتەڵانی کارەساتەکان بکا، و هەموو زەمینەیەکیش بۆ ئاشکرا کردنی تاوانبارەکان و بەکۆژانی ئەو ڕووداوانە فەراهەم بەکا و لە هیچ هەوڵی بۆ ئەو مەبەستە کۆتایی نکا.

جگە لەوەی شێوە و ڕێبازی لێکولێنەوەی ئەو ڕووداوە دەڵتەزێنە لە لایەن ئاسایشی هەولێر و کۆری دادوری هەرێمی باشووری کوردستان جێ پرسیارە و خاڵی رەشی زۆرن، یەکەم پرسیار لەو رابەت لە حیزبی دێموکرات ئەوەیە ئەگەر واووتنەکەی دادگاکەی ئەو ڕووداوەیە درووست بێت کە گۆیا لاشەی چوار شەهیدی ئەو کارەساتە بۆ مەبەستەکانی لێکۆڵێنەوە نەدراوەنەتە دەست پزشکی قانوونی، حیزب بەرامبەر بەو ئەو واووتنە بەرپرسە، و ئەرکەی سەر شانی حیزبە کە ڕاست و ناراست بوونی دەرکاندنی ئەو دادگایە روون بەکاتەوە.

لە ڕاپۆرتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بۆ دادگا باس لە دوو ئۆتومۆبیلی دزراو و چوار ئەندامی چەکداری حیزبی دێموکرات دەکرێت، لە کاتیکدا لە بڕیاری دەرکراوی دادگا، تەنانەت بە ئۆتوموبیل یەکی جۆری برازیلی بە ژمارەی 1307 لە خاڵی پشکنینی ئازادی لە کۆیە ئامازە کراوە.

یەکەم پرسیار لەو رابەتە دا ئەوەیە، ئەگەر دوو ئۆتوموبیل لە لایەن چوار ئەندامی حیزبی دێموکرات دزراون، ئۆتوموبیلەکەی دیکە چی بەسەر هاتووە، ئایا ئۆتوموبیلی دووهەمیش دەستبەسەر کراوە، ئەسلەن ئۆتوموبیل یەکی دیکە لە کایەدا بووە؟.

ئەگەر ئۆتوموبیلی دووهەم لە خاڵی ئازادی کۆیە بەشداری ئەو رووداوە بوو سەرنشینەکانی کێ بوون؟، ئەو ئۆتوموبیلە دەبێ جی بەسەر هاتبێت؟.

پرسیاری دووهەم ئەوەیە، ئەگەر ئەندامانی حیزب دێموکرات لەو رووداوە دا چوارکەس بوون و دوای لێکدان و پێدان یان لەگەڵ تاقمێک لە ئەندامانی بەشی پێوەندی ئێران لە هەولێر بەتەمای دزینی ئەو دوو ئۆتوموبیل بوون، چوونە هەر چوار کەس سواری ئۆتوموبیلێک دەبن و هەر چوار کەس لە یەک ئۆتوموبیل دا هاتوچۆیان کردوە، لە کاتێکدا ئەوان بە پێ ڕاپۆرتی ئاسایشی هەولێر دەبێ دوو ئۆتوموبیل یان دزیبێت.

باشە ئایا لەو لێکدان و پێدادانی نێوان چوار پێشمەرگەی حیزب و تاقمێک لە ئەندامانی بەشی پەیوەندی ئێرانی لە هەولێر کەسێک یان ئۆتوموبیلێک لە جەریانی تەقەیەدا خەسارەتێکی پێ گەشتوە، ئایا کەسێک لە دوولایەنی دەرگیری ئەو تەقەی بڕیندار بوو یان کۆژراوە؟ شوینی رووداوەک کوێ بوو؟ ئەی بۆ لە ڕاپۆرتی ئاسایشی هەولێر باس لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکراوە و بەرێزان سەرۆکی دادگا و بڕیاردەرەکان هیچ پرسیارک یان لەو رابەتەدا لە گۆمان لێکراوان ناکەن.

زیاتر لەوەش، ئەگەر مەبەستی چوار چەکدای حیزبی دێموکرات دزی ئۆتوموبیل و کاری خەلاف بووبێت، بۆ ئەوان لەبەردەمی مەفرزەی 17 کەسی ئاسایشی هەولێر لە خاڵی پشکنینی ئازادی کۆیە راوەستان دەکەن. راوەستانی ئەوان لە خاڵی ئازادی کۆیە نیشانە بێ تاوانی ئەو چوارکەسە دەگەیەنی، نەک دزینی دوو ئۆتوموبیل و دەرگیری لەگەڵ مەفرەزیەکی 17 کەسی ئاسایشی هەولێر.

باش ئایا یاسای تر و مەنتەقی تر نەبوو ئاسایشی هەولێر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حیزبی دێموکرات لە کۆیە بۆ لپرسینەوەی ئەو چوار کەس کردبایە، بۆ کۆری دادوەری ئەو پرسیارەی لە گۆمان لێکراوان و ئاسایشی هەولێری ناکا؟ هەمووی ئەو

پرسیارانە ئەوەی دەگەینی کە تەواوی دادگاکە و دامووەدەزگای ئاسایشی هەولێر گۆمان لێکراون و بەستراوەی دامووەدەزگای سیخۆری جمهۆری ئیسلامی ئێرانن.

ئەگەر قەرار وا بوایە کە چوار ئەندامی حیزب بەربەرەکانی وشەڕی چەکداری هێزی **17** کەسی ئاسایشی هەولێر بکەن بەر لەگەیشتن یان بۆ خاڵی ئازادی کۆیە لە ئوتوموبیلەکە یان دادەبەزین و خۆیان دادەمەزراند و تەقەیان لە **17** کەسی ئاسایشی هەولێر دەکرد.

روون و ئاشکرایە چوار چەکداری سەرنشینی برازیلی بەژمارەی **1307**، هەدەفیان تەقە کردن لە مەفرەزەی **17** کەسی ئاسایسی هەولێر نەبووە، و نە ئەو مەودایەیان هەبوو و نە ئەوەندەش‌یان شوێن لە ئوتوموبیلەکە دا بە بەرەوە بووە کەبتوانن راسان بە مەبەستی تەقە کردن لە بەرامبەر مەفرەزەی **17** کەسی ئاسایشی هەولێر بەکەن، بەتایبەت لێخۆری ئوتوموبیلەکە.

بەرێز بنەماڵەی شەهید سەید مەنسور و سێ کەسی تر ئەو رووداوە دەڵتەزێنە، لەوەی دا کە بەکرێگیراوانی نیزامی ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان ئەوەندیان دەسەڵات و نەفۆز هەیە کە بتوانن دادگایەکی ناعادەڵانی ئاوا بە رەخسینن بۆ دەربازکردنی مۆچە خۆران و بەکرێگیراوان یان هیچ شک و گۆمانێک تان نەبێت، ئەوەی جێ شک و گۆمانە، شێوەی لێپرسێنەوەی حیزب لە مەڕ ئەو رووداوە و شاردەنەوەی لاشەی شەهیدەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵێنەوەی پزشکی قانوونی یە.

نە سەرۆکی دادگاکە لەتیف طەمحمود، نە ئەندامانی بڕیاردەری، فاروق عبدالواحد مستەفا، و لەتیف سعید محمود، و نە **17** کەسەی مەفرەزەی ئاسایشی هەولێری بەکۆژی ئەو چوار کەسە ئەو ویژدانە و شەرافەت و شەهامەتەیان تێدایە کە ڕاستی یەکانی ئەو رووداوە بخەنە بەر دەمی ئیوەی مەزلوم، و نە حیزبی دێموکرات دەتوانی ئەوەند بوێر بێت وەدواکەوتنی داوای بنەماڵەکانی شەهیدی ئەو کارەساتە بەجێ بەهێنی.

هەر چەند داوای ئیوە لە حیزبی دێموکرات، نەک لەسەر جێ خۆیەتی بەڵکوو مافی ڕاستەقینەی خاوەن شەهیدشە، بەڵام پێموایە پرسیاری ئیوەش وەک هەموو

پرسیارەکانی دیکە لەسەر کاروانی شەهیدانی حیزب بێ وەڵام دەمێنێتەوە و بە داخێکی زۆرەوە دەچێتە خانەی فەرامۆشی حیزبەوە.

نمونەی روونی ئەو جۆرە رووداوانە زۆرن لە ئەژمارکردن نایەن، ئەوەی بەرچاویان پرسی شەهید بوونی بەرێز سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ئەحمەد توفیقە، ئەورۆشی دەگەڵ بێت حیزبی دێموکرات هیچ وەڵام و راڤەکردنێکی لەسەر شەهیدبوونی خوالێخۆشبوو ئەحمەدتوفیق نەداوەتە درەوە.

بە هیوای ڕۆژەی وەڵام وەرگرتنەوەی پرسیارەکان بنەماڵەی شەهیدان.

توێژەران، نووسینی هێمن، رێکەوتی **12** مەی **2010** زائینی.

یادێك لە شەهیدانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی سەرماوەزدا، هیوا میرزایی




شەهید دوکتور قاسملوو: گەلێك ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیش بدا.

بناغەکانی خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە 25ی گەلاوێژی 1324ی هەتاوی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی خەباتکاری دارێژرا و ئەم حیزبە بە درێژایی تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی کارنامەیەکی پڕ لە سەروەری بۆ خۆی و نەتەوەی کورد تۆمار کردووە.یەکێك لە فاکتە جیاکەرەوەکانی ئەم حیزبە لەگەڵ بەشێکی زۆری حیزبەکانی دیکەی ناوچە، شۆڕ بوونەوەی گیانی لەخۆبردووی یەك بە یەکی ئەندامانی ئەم حیزبەیە لە نێو خەباتەکەیدا، بە واتایەکی دیکە چ لە سەردەمی کۆمار و چ لە ساڵەکانی 47ـ46 و چ لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و خەباتی ئاشکرا و بەرنگاریی قارەمانانەی ئەم حیزبە لە خاك و خەڵکی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران، ئەندامی حیزبی دێموکرات بە بێ لە بەرچاو گرتنی پلە و پایەی حیزبی بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرپەرچی هێرشی دوژمنانیان داوەتەوە و لەم پێناوەشدا زیاتر لە 40 ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گیانی خۆیان فیدایی ئامانجەکان و ڕێبازی حیزب و نەتەوەکەیان

کردووە کە قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی سێ ئەستێرەی پڕشنگداری ئەم شەهیدانەن.

مانگی سەرماوەز، لە رۆژژمێری خەڵکی کوردستان تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەیە و ئەویش رێزگرتنە لەو رۆڵە خۆنەویست و گەل¬ویستانەی نیشتمانەکەمان، کەسانێك کە بە باوەرێکی پتەو و هێزێکی پۆلایین هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە و بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك و وەرگرتنی هیچ پاداشێك ئامادە بوون خۆشەویست ترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیانە فیدای رزگاریی نیشتمانەکەیان بکەن. پێشمەرگایەتی وخەباتگێڕی لە نێو حیزبی دێموکراتدا تەنیا تایبەت نەبوو بە بەدەنە و کادرەکانی ئەم حیزبە، بەڵکوو لە ئاستی هەربەرزی حیزبیشدا و رێبەریی ئەم حیزبە بەردەوام لە سەنگەری بەرخۆداندا فیداکاری و قارەمانیان نواندووە کە لێرەدا هێما بۆ چوار رێبەری شەهید دەکەین کە لەم مانگەدا شەهید بوون، بەڵام دوای شەهیدبوونیان نە تەنیا یاد و بیرەوەرییەکانیان لە دڵی شۆڕشگێڕانی دێموکراتدا لەبیر نەکرا بەڵکوو رێبازی پڕ لە سەروەرییان دینەمۆی خەباتێکە کە تا گەیشتن بە رزگاری و ئازادی هیچکات دانامرکێ.



شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ ناسراو بە کاك هەژار خەڵکی مەهاباد و فەرماندەی هێزی پێشەوا و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە پێشتر ئەفسەری ئەرتەش بووە، وەك فەرماندەیەکی لێهاتوو لە نێو حیزبدا ناوی دەرکرد و پاش چەندین جار بریندار بوون لە شەڕێکی قارەمانانە لەناوچەی بانە لە رێکەوتی **22\9\1360** شەهید کرا، جێی ئامارژەیە کە کاك هەژار یەکێك بوو لە رێکخەرانی گیرانی پادگانی مەهاباد لە ساڵی **1357**ی هەتاوی.



شەهید کەماڵ دەباغی، خەڵکی مەهاباد و ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتە شارستانی کرماشان لە مەئموریەتێکی تەشکیلاتی لە شاری کرماشان گیراو و پاش خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکنجە و ئازاری درێژ خایەن، لە رێکەوتی **1364\9\4** لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئیعدام کرا، خۆڕاگرییەکانی نابراو وای کرد کە وەك نموونەی خۆڕاگیری لە زینداندا لە ناوی دەرکرد.ناوبراو پێشتر لە کرماشان مامۆستای دواناوەندی بوو.

شەهید مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسوور رەشەهەورامی، خەڵکی گوندی کەڕاوای شاری مەریوان، کەسایەتێکی هەڵکەوتوو و خۆشناوی ریزەکانی حیزب و خۆشەویستی ناوچەکانی مەریوان و ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتە هەورامان، رێکەوتی **1376\9\17** لە پیلانێکی ناجوانمێرانە لە دەرەوازەی شاری کۆیەی کوردستانی عێراق بە دەستی دەستوپێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا شەهید کرا. شایانی باسە برایەکی دیکەی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

شەهید مەنسوور ناسری خەڵکی گوندی"حوسین ئاوا"ی شاری سنە، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەقەڕی حیزب لە شاری سلێمانی لە رێکەوتی 1376\9\17 لە پیلانێکی ناجوانمێرانە دا هاوڕێ لەگەڵ شەهیدان مەنسوور فەتاحی، ساماڵ ئیسماییل زادە، رەفعەت حوسینی، یەدوڵڵا شیرین سوخەن لە دەرەوازەی شاری کۆیەی کوردستانی عێراق بە دەستی دەستوپێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا شەهید کرا.

ئەم شەهیدانە نموونەیەك لە دەیان شەهیدی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن کە پێش لە شەهید بوونیان ماندوو نەناسانە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کورد هەوڵیان داوە و بە دڵ ئاوەڵاییەوە وازیان لە پلە و پێگەی پێشووی خۆیان هێناوە و ژیانی شاخ و خەبات و تێکۆشانیان هەڵبژارد، ژیانێك کە پڕە لە کەند و کۆسپ. ئەوان بۆ ژیانێك شیاوی مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی کورد هەوڵیاندا. شەهیدبوونی ئەوان دیسانەوە ئەو راستییەی سەلماند کە لە نێو حیزبی دێموکراتدا رێبەر بوون تەنیا بۆ خزمەتی زیاتر و فیداکاریی زیاترە و ئەمەیشیان بە فیداکردنی گیانی خۆیان سەلماند و بوون بە رەمز و سیمبۆلی خەباتی پڕ لە سەرەوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران

وتووێژێکی دەنگی کوردی ئەمریکا لە سەر شەهیدانی ١٧ی سەرماوەزی دەروازەی کۆیەی حیزبی دێموکرات



رۆژنامەوان " سەلاح پیرۆتی" لە دەنگی کوردی ئەمریکا ساڵی رابردوو وتووێژێکی سەبارەت بە رووداوی ١٧ی سەرماوەز لەگەل هەرکام لە بەرێزان" خوشکە مەناڵ " هاوسەری شەهید سەید مەنسوور ناسری،

“کاک باباشێخ ناسری” برای شەهید مەنسوور و ” مامۆستا گۆران” تێکۆشەری دێرین و مافناس پێکهێناوە  کە ئێمە دوبارە بڵاوی دەکەینەوە.

 رووداوێک  کە بە ١٧ی سەرماوەز ناسراوە و لە تیرۆرێکی ناجوامێرانەی کۆماری ئیسلامی و بە دەستی کۆمەڵێک تیرۆریستی خۆماڵی هەرکام لە شەهیدان ” مەنسوور فەتاحی” ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ،” سەیدی مەنسوور ناسری” کادری رێبەری حیزب ، ” ئەبووبەکر ئیسماعیلزادە ( ساماڵ)” بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە ، ” رەفعەت حوسێنی ” ئەندامی کومیتەی پاوە و ” یەدوڵلا شیرین سوخەن”  پێشمەرگەی پارێزگاری  حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید کران .

ئەوەی خوارەوە دەقی وتووێژەکەی دەنگی ئەمریکایە کە هاوکارمان سەلاح پیرۆتی ئەنجامی داوە.

مەنال خان داوا لە حکومەتی هەریم و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دەکات لە ڕووداوی “دەروازی کۆیە” بکۆڵنەوە.

بەیانی 17ی سەرماوەزی ساڵی 1376ی هەتاوی بەرامبەر بە 8ی دێسامبری ی 1997ی زاینی پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداری کردن لە دواین کۆبوونەوەی پلێنۆمی کومیتەی ناوەندیی پێش کۆنگرەی 11 لە نزێک شاری دووکان دەکەونە نێو کەمینی هێزەکانی قەرارگای هەمزەی کۆماری ئیسلامی. لە ئاکام دا مەسنوور فەتاحی ناسراو بە مەنسوور ڕەشە هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی، گیانی لە دەست دەدا، هەرچەندەش پاسدارانی ئەو قەرارگایە ڕاودەنێن و گەلێک بەڵگە و ئوتۆمۆبیلیکێش بە دەسکەوت دەگرن. بەڵام هەر هێندیک لە ئەو پێشمەرگانە کە لە حاڵی چوون بەرەو سەرکردایەتی حیزب لە کویەدا بوون، لە دەروازەی کۆیە دەکەونە بەر دەستڕێژی پاسەوانانی حکومەتی هەریم و چوار پێشمەرگەی دیکەش گیانیان لە دەست دەدەن.

پاش زیاتر لە ساڵێک، لە ئەم پێوەندی یەدا ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن حکومەتی هەریمی کوردستانەوە بڵاو دەکرێتەوە کە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارەی 1548 سێ شەمە 3ی 2ی 1998دا بەڵێنی دەدات کە لە ئەم ڕووداوە بکۆڵێتەوە و دەقەکەی بە ئەم شێوەیە هاتوە:

"ڕۆژی 8ی 12ی 1997 ڕووداوێکی ناخۆش و دڵتەزێن لە سەیتەرەی شاری کۆیە ڕووی دا و لە ئەنجامدا لێپرسراوێکی برایانی حزبی دیموکرات و دوو پێشمەرگەی ی.ن.ک شەهیدبوون.

بۆیە ئێمە وەک حکومەتی هەریمی کوردستان زۆر بە توندی دژی ئەم تاوانە ڕادەوەستین و مەحکومی دەکەین.

هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم کارەی ڕووی دا پێش ئەوەی دژی حزبی دیموکراتی ئێران بێت دژی ی.ن.ک و حکومەتی هەریمی کوردستانە. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەریم سەرقاڵی لێکۆڵینەوە(تحقیق) لە گەڵ هەموو ئەو کەسانەیە کە پەیوەندی دارن بەم ڕووداوە.

دوای لێکۆڵینەوەش تاوانباران دەدرێنە دادگایەکی تایبەت و حزبی دیموکراتی ئێران و ی.ن.ک یش لە ئەنجامەکەی ئاگادار دەکرێنەوە."

لە مێزگردێک بۆ تاو و تۆ کردنی ئەم ڕووداوە مەنال خان، هاوسەری سەید مەنسوورناسری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەوکاتی حیزب، هەروەها کاک بابە شێخ ناسری، برای سەید مەنسوور و مامۆستا گۆران دادوەر و ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی حیزب بەشداریان کردوە.

مەنال خان سەبارەت بە پێک هاتنی دادگایە بۆ پێداچوونەوە بە ئەم ڕووداوە لە لایەن حکومەتی هەریمەوە لە 98 پێک هات. بەڵام ئەو دەڵێت پێشتر دادگا لە نێو خۆی دا ساخ ببۆوە کە سەرئەنجامەکەی بەچ شێوەیەک بچێتە پێش و "بە داخەوە شتەکان پێشتر ئامادەکراوبوون؛ بانگیان کردین، سویندمان خوارد وەلۆ من وتم سوێند ناخۆم. وتم، من هاتووم قاتڵەکان ببینم؛ خۆدیارە دەستورەکە کێ داویەتی، بەڵام ئەوانە چەکدارێکن بۆ هەزار دینار بۆ دوو هەزار دینار ئەوکارانەیان پێ دەکەن؛ ئەوە ئاشکرایە، بەڵام کێ ئەو دەستورەی داوە، کێ ئەو کارەی کردوە..."

مەنال خان هەروەها ئاگایی دەدات کە ئەو خاڵە پشکنینەی پێشمەرگەکانی حیزب تێدا کوژران پێشتر پاسەوانێکی ئەوتۆی لێ نەدەبوو "عادەتەن خاڵە پشکنینەکە، دایمەن یەک یان دوو کەس [پاسەوان]ی تێدابوە؛ جارێ وا هەبوە چۆڵ بوە. ئیتر ئەمانیش [پێشمەرگەکان] کە دەگەنە خاڵی پشکنین تەماشا دەکەن، 17 کەس بە سەرۆکایەتی حاجی مەسیفی بۆیان دانیشتوون [سەنگەریان لێ گرتوون]."

بەرێز حەسەن ئەیووب زادە کە لە ناو بزووتنەوەی کوردستانی ئیران دا دادوەر و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی حیزب بووە و بە مامۆستا گۆران دەناسرێت، ڕەوت و شیوازی کاری دادگاکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە لە بەر ئەوەی، "ئەوچوار نەفەرەیان ئێعدام کردوون. ئەوانەی کە ئێعدام کراون قاعیدەتەن دەبێ بنووسرێت ئەو کەسانە کێ بوون، بەڵام قازی یەکان ئەوەندە سەیر کاریان کردوە، کە ئیحتمالەن عەمدیش بێ، حەتا ناوی ئەو کەسانە کە ئیعدام کراون نەیاننووسیون.... تەنیا ئەو کەسانەیان بە بێ تاوان ناساندوە کە لە وێدا گولە بارانەکەیان کردووە."

کاک بابەشێخ ناسری دەڵێت تەنیا هەر کەیسی ئەو پۆلە پێشمەرگە نیە کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەریم دا کوژران، بەڵکوو تێکۆشەرانێکی زۆر دەگرێتەوە و وهەروەها پشت ڕاستی دەکاتەوە کە مەبەست لە بە دوادا چوونەوە بە سەر ئەو کەیسانەدا هیچ تۆڵە ئەستاندنەوەیەک نیە:

"ئێمە بە شوێن تۆلەدا ناگەڕێین و ئێمە نامانەوێ خوێن بە خوێن بشۆرینەوە. ئێمە دەمانەوێت کوردستان سیستمێکی عادلانەی تێدا حاکم بێت و لە ئەو سیستمە دا مافی شەهیدانیش بپارێزرێت، بەلام بە داخەوە، بە دوای ئەو کۆمەڵە نامەیەدا، کە بۆنادرنیان نوێنەرایەتی یەکەم لە براژنە مەنال وەرگرتبوو، هیچ وەلامێکیان لە ئەو پێوەندی یەدا وەرنەگرت و ئێستاشی لە گەڵ بێ، ئەو بێ دەنگی یە هێشتاش بەردەوامەو... بە هەرحاڵ حکومەتی هەریمی کوردستان لە بەرامبەر ئەمنیەتی دانیشتوانی کوردستان دا بەرپرسە."

لە کۆتایی دا بەشدارانی ئەو مێزگردە و بە تایبەت مەنال خان داوا لە حکومەتی هەریمی کوردستان وحیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دەکات کە بە دوای ئەو کارەساتە دا بچنەوە.

ئامادەکردنی: سەلاح پیرۆتی دەنگی ئەمریکا ساڵی رابردوو

12.12.2013

مێژگرد سەبارەت بە ڕووداوی 17ی سەرماوەزی 1376ی هەتاوی

بۆ لینکی دەنگ لە ماڵپەڕی پێشمەرگەکان ئێرە کلیک بکەن

https://pmnews.se/teror/deng/baba-shex-mnal-mamosta-goran-17ysermawezi-2013.mp3

دەبێ تاکەی چاو پۆشی لە تاوانباران بکرێ؟, خالید خوینجی




خوێنەرانی هێژا و ئازادی خوازانی ورە بەرز و خاوەن هەستی بەرزی مرۆڤایەتی ونیشتمانی .بەسلاو ڕێزم بۆ هەمووتان .خۆشەویستانم ئەمەی لێرە دا دەیخوێننەوە

نە چیرۆکەو نە بەیتە ونەعەیرانەو نەجنێوەو نە بوو ختانە و نە شەڕە قسەی هەڵبژاردنە و نە کێبەرکێی بردنەوەی دەسەڵاتە.بەڵکوو ئەمە هەقیقەتە و بەسەرهاتی تاڵ وجەرگبڕی پۆلێک شەهیدی ئازادی خوازو بەغەدر شەهید کراوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە بە دوور لە هەر عورفو عادەت و ئەخلاقێکی مرۆڤانە و ئیسلامیانە وکوردانە و خانە خوێیانە لەلایەن سێتەرەی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ مەبەستی خزمەت بەکۆماری ئیسلامی ئێران شەهیدکراون کەئەمەدەقی بە سەر هاتە کەیە.

لە ڕۆژی دووشەممە 8 دیسامبری **1997**زاینی ، بەرامبەر**17**سەرماوەزی **1376** هەتاوی ژمارەیەک لەهاوڕێیانی حیزبی لە شاری سلێمانیَ وە بە مەبەستی بەشداری لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەرەو کۆیە دەکەونە ڕێگاو بە داخەوە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی بەو حەرەکەتەی وان دەزانن و لە دوکان کەمینیان بۆ دا دەنێنەوە و تەقەیان لێدەکەن، خۆشبەختانە هاوڕێ یانی قارەمان بەبر ئاسا لێیان وەدەست دێن و بەر پەرچی تەقە و پیلانەکانیان دەدەنەوە و پاشان تیرۆریستان ڕادەکەن و تێکۆشەرانی حیزبی دەست بە سەر ماشێنێک و ژمارەیەک مەدارک دادەگرن. بە داخەوە لەو شەڕە دا کاک مەنسوور فەتاحی ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب شەهید دەبێ و هاوڕێیان تەرمی پیرۆزی ئەم شەهیدە لە گەڵ خۆیان دەبەن و درێژە بە ڕێگا کە یان دەدەن بەرە و کۆیە و بێخەبەر لە وەی کە تیرۆریستانی شکست خواردو خۆیان گەیاندۆتە یەکێک لە بنکەکانی یەکێتی و داوای هاوکاریان لێ کردوونەو بە داخەوە ئەوانیش زۆر نامەسئولانە داواکە یان قبوڵکردونە و **17** چەکداریان بەسەر پەرستی ملازم ئەرسەلان حمەسوور حمەئەمین ،لە سێتەرەی کۆیەی یەکێتی داجێگیر کردوونە. بەڵێ ئەوهاوڕێ ئازیزانەی ئێمەکە دەگەنە سێتەرەی کۆیەی یەکێتی لەجیاتی هاوکاری و ڕێزگرتنیان ، بەداخەوە زۆر دڕندانە و بێ ویژدانانە لە لایەن ئەو چەکدارە ناشۆڕشگێڕانەوە دەردرێنە بەر دەستڕێژ و بە داخەوە ئەو **4** تێکۆشەرەی حیزبەکە شمان لەوێ شەهید دەکرێن.کە بریتین لەو چوار قارەمانە.

**1**شەهید سەید مەنسوور ناسری **2** شەهید ئەبووبەکر ئیسماعیلی ناسراو بە سامان **3** شەهید ڕەفعەت حوسێنی **4** شەهید یەدوڵڵا شیرین سووخەن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان و ڕێگا و پیرۆزەکەیان پڕ ڕێبواربێ.

خوێنەرانی بەویژدان بە سەرهاتە کەو قەزێی شەهیدە سەر فرازەکانمان بەڕاستی تاڵ وجێگای داخە، بەڵام لەوەی ناخۆشترو جێگای داختر ئەوەیە کە ئەو شاسوارانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە دەستی چەکدارانی حیزبێکی کوردی کە خۆیان بە ئازادی خوازو پارێزەری مافی مرۆڤ و داکۆکی کار لە ماف و ئازادێ کانی گەلی کورد لە قەڵەم دەدات شەهید کراون کە بەڕاستی ئەنجام دانی ئەم تاوانە مەزنە لە لایەن ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەو پەڕی بێ سفەتی و شەرمو شورەیی و خەیانەتە بە ڕابردووی دۆستانەی نێوان یەکێتی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ، چونکە ئەو ڕێکخراوە سەردەمێکی زێڕینی هەیە لە گەڵ قارەمانەکانی ئەو حیزبەی کە ئەمڕۆ تێکۆشەرانی بەدەستی ئەندامانی یەکێتی و لە ماڵ و لە سێتەرەی ئەو دا بۆ سەیان بۆ دا دەندرێتەوە و بە پۆل شەهید دەکرێن. خوێنەرانی خۆشەویست ئەم کارە بێ غیرەتانەیە، لەلایەن سێتەرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەنجامدراوە، ئەو یەکێتیی کە سەر دەمانێک پڵینگ ئاسا لەگەڵ قارەمانانی دێموکڕات ، کورد کوژانیان زەبوون و داماو دەکرد. ئەو یەکێتێ ژمارەیەک لە باشترین و ئازاترین تێکۆشەرانی خۆی خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی گوڵاڵە سوورە کانی حیزبی دێموکڕات کردوە و کەم ژیان وکەڵ ژیان و سەر بەرزانە ماڵ ئاوایان لەم کوردستانە خوێناوێ کرد و بەگیرفانی بە تاڵ و بە کەشکی ڕەق ژیان ،بەڵام بۆ هەتا هەتایە بە گەورەی و سەری بەرزو بە نەمری لە ناو دڵی گەلدا دەمێن نەوە و مێژووی پاکی کوردی ڕۆژهەڵات ودێموکڕاتە یادگارەکەی پاشی قازی و قاسملوو و شەڕەفکەندی شانازیان پێوە دەکات. بەڕاستی جێگای داخە کە بە دەستی سێ تەرەی ئەو یەکێتێ شەهیدکران کە لە گەرمترین وخوێناوی ترین کاتی شەڕی داسەپاوی خومەینی جەللادەوە دژی کورد و کوردستان ئەوان بوون بەهێزی پشتیوان وشان بە شانی قارەمانانی حیزبی دێموکڕات دژی داگیرکەرانی کوردستان عەماسەیان دەخوڵقاند و خوێن یاندەدا بۆبەرگری لەخاک و نەتەوەکەیان لەبەشی ڕۆژهەڵات. بەڵێ خۆشەویستانم ئەو تاوانە مەزنە لەلایەن سێتەرەی ئەو یەکێتێ ئەنجامدرا،کە ڕۆڵە قارەمان وڕاستەقینەکانی ئەویەکێتێ لەگەڵ گیان لەسەر دەستانی دێموکڕات سەردەمێکی پڕشەنگدارو لەناو دڵانا زیندوویان بە یەکەوە تۆمارکردووە و فەرامۆش ناکرێن و لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەوحیزبەی لە ژێریەک ئەشکەوتوو چادر و لە ناو یەک دۆڵ ودەڕە و یەک ماڵ و لە سەریەک تەپۆڵکە و لە ناو یەک سەنگەرا شانازیان بۆگەل و

ولاتەکەیان تۆمار دەکردو گیانی شەهیدەکانیان شاد دەکردو دوژمنانی کوردستانیان ڕیسواو شەرمەزاردەکرد. ئاخر داخی گرانم ئەو تاوانە ڕەشە لەلایەن ئەندامانی ئەو یەکێتیێ و لە سێتەرەی ئەو یەکێتیێ دژی ڕۆڵەکانی حیزب ئەنجامدرا،کە خۆ بەخشانی دڵو دەرون پاکی ڕابردووی ئەو یەکێتیێ شان بەشانی هەڵۆ چاو گەشە کانی دێموکراٙت دروشمی یان کوردستان یان نەمانیان لە ناو یەک سەنگەرا دەو تەوە، بەڵێ ئێستا تێکۆشەرانی ئەو حیزبەی بە دەستی ئەندامانی ئەو یەکێتیی خەڵتانی خوێن کران کە سەر دەمانێک بە یەکەوە، وانەی خەبات وبەربەرەکانیان دەوتەوە و یەکێتی و برایەتی بەکردەوەیان فێری نەوەکانی داهاتویان دەکرد. ئاخر چۆندەبی مرۆڤ هێندە بۆماڵی دونیایە وبۆ بارە قەڵڵا یەکی بێ گانەی دوژمنی قەستە سەری خۆی و نەتەوە کەی بە چۆکدابێ و ئەو کەسە بکوژێ کە لە ڕابردوو ئێستاو و دا هاتوو دا براو هاوزمان وهاو خاک و هاودین و نەژادی یەکتر بوونەو هەنە و هەردەشبن. بێ گومان ئەم پیلانە گڵاوەی دوژمنانی کوردستان ناتوانێ ئەو دوو بە شەی کوردستان لە یەکتری بکاتە دوژمن و ئاواتە گڵاوە کانی وەدی بێنێ.

بە داخەوە ئەو تاوانە لەلایەن ئەندامانی ئەو یەکتێیی ئەنجامدرا کە دوژمن تەزێنانی سەردەمی خەباتی شاخی ئەو چەندین ڕۆڵەی ئازاو سەر بەرزیان لە گەڵ ڕۆڵە سادق وفیداکارە کانی حیزبی بەجل و بەرگی خوێناوی و بەکا کۆڵی ئاڵۆزاو سینگی دابێژ دابێژ کراوەوە تەسلیم بەخاکی پاکی کوردستانی زامدار کردووە و بوونەتە سەربازی ون.

من ئێستا لە ڕوڵە ڕاستەقینەکانی یەکێتی و هاوسەنگەرانی بە وەفاو کوڕانی شەریف و دڵ و دەرون پاکانی سەردەمی خەباتی زێڕین و بەعسی بەزێنانی سەردەمی عەلی عەسکەری و ئارام و مامەڕیشە و خاڵەشەهاب و دەیان و هەزاران شەهیدی قارەمانی تری ئەو یەکێتێی دەپرسم .

یەکەم:

ئایا ئێوەی قارەمان و ڕابردو پاک و بێ گەرد ،ئامادەنە کەسانێکی ناپاک و دەستەمۆ یانی دەستی داگیرکەرانی کوردستان ڕابردو تان لە کە داربکەن و بتانخەنە ژێرباری پرسیاری پاکی و ناپاکی؟

دووهەم:

ئایا ئامادەنە ئەو تاوانە مەزنە لە سەرناو ناو بانگی یەکێتی تۆماربکرێ و مێژووش وەک تاوانباری ئەسڵی یەکێتێ کەتان بناسێ؟

سێهەم:

ئایا ئامادەنە بۆ بەرژەوەندی تاقمێکی ناپاک وبازرگانانی سەرخوێنی مرۆڤ ،شەرەف و شانازێ گەورەکانی سەردەمی زێرینی خەباتی شاختان فەرامۆش بکەن،ئەو سەردەمانەی کە لە کاتی هێرشە عەماسییەکان تاندا بۆ سەر داگیرکەرانی کوردستان شاخ و ڕوبارو زەوی و بەفر لە ژێرپێی داگیرکەرانی کوردستاندا گڕی دەگرت و جەندەکی گڵاوی سەر شۆڕانی هەڵدەقرچاند؟

چوارەم:

ئایا ئامادەنە ڕێگا بە کە سانێکی پوڵپەرست و میللەت نەویست بدەن لەو بە شە ڕزگار کراوەی کوردستان کە بە خوێنی هاوسەنگەرانی ئێوە و ئەنفال وبێ سەرو شوێن کران و کیماباران و هەزاران نەهامەتی وبێ حورمەتی تری دیکەوە بەو ڕۆژەی گەیوە، ئێستا ئازادی خوازانی پارچەکانی تری کوردستان شەهیدوبێ سەروشوێن بکرێن؟

پێنجەم:

ئایا ئامادەنە ڕێگابدەن بە دوژمنانی کورد و کوردستان کە خۆیان نەیانتوانی قارەمانانی دێموکڕات لەناو بەرن، ئێستا لە وڵاتی ئێوە و بەدەستی ئەندامانی یەکێتێ کەی ئێوە ئەمکارە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام بدرێ وکوڕانی گەل لە ناو دڵی نیشتمانا بێ گیان بکەن و تاوان بارانیش پارە و سپاسنامەی دوژمنانمان وەربگرن؟

لە کۆتای دا ئەو چەند پرسیارانە تان ئاڕاستە دەکەم هیوادارم بە ویژدانێکی کوردانەی پاکەوە جواب دەنەوە.

یەکەم:

تۆبڵێی ئەگەر ئێوە چاو پۆشی لە تاوانی ئەو تاوانبارانە بکەن، گیانی پاکی شەهیدەکانتان شادبکەن؟

دووهەم:

ئەگەر ئێوە چاوپۆشی لەو تاوان بارانە بکەن مێژووی کوردوکوردستان لێتان خۆشبێ؟

سێهەم:

تۆبڵێی ئەگەر لەو تاوان بارانە خۆشبن ڕابردووی یەکێتیتان خەوشدارنەبێ؟

چوارەم:

تۆبڵێی ئەگەرچاو پۆشی لەو تاوان بارانە بکەن گەل و ڕۆڵە سادقە کانی ئەم گەلە و خوای بانی سەرمان چاو پۆشیتان لێ بکەن؟

پێنجەم:

تۆبڵێی ئەگەر ڕۆژێک شەهیدە سەر بەرزەکانتان زیندوو ببنەوە چیتان پێدەڵێن!!!!!کە ئێوە ئامادەنە ئازادی خوازانی کوردی پارچەکانی تری کوردستان بۆ داگیرکەرانی تری پارچەکانی دیکەی کوردستان شەهید دەکەن؟ ئایا بە ڕاستی ئامادەنە قبووڵ بکەن گیانی پاکی شەهیدەکانتان لەناو گۆڕا نا ئارامبێ،بۆئەوەی گیانی چەند تاوانبارێک پارێزراوبێ؟.

بەو هیوایەی ویژدانی هەر کەسێکی خاوەن ویژدان بەرامبەر ئەم تاوانە مەزن و چەپەڵەی کە لە لایەن ژمارە یەک بە ناو پێشمەرگەی یەکیتی و بە کردەوەش چەکداری ئێرانەوە لە سێتەرەی کۆیەی یەکێتی دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ئەنجام درا ، بێ تە جوڵە و چیتر ویژدانمان نەخەوێنین بەرامبەر ئەم کردەوە ڕوڕەشانەیی کە لە لایەن ژمارە یەک چەکداری بێ بیرو باوەڕوە بەرامبەر بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ئەنجامدرا و بە داخەوە ئەو کات کاک عەبدوڵڵای حسنزادە وەک زۆر کەیسی تر چاو پۆشی لەو تاوانە مەزنەش و لەو کەیسە ڕون و ئاشکرایەش کرد!!!! جا نازانم لە برسان بوو یان لە ترسان بوو ، بۆیە هیوادارم هیچی تر بەردەوام نەبین لە سەر ئەم بێ دەنگێی کە ماوەی 19 ساڵە هەڵ مانبژاردوا و بەم بێ دەنگێش بێ لایەنی

خۆمان بەرامبەر بەو تاوانە مەزنەو بەرامبەر بە گیانی پاکی شەهیدە سەرفرازە کانمان نیشانداوە و ناڕاستەو خۆش بە دوژمنانی ڕەنگا و ڕەنگی خۆمان کو توا کە ئێوە ئازادن لە کوشتن و بێ سەرو شوێن کردنی تێکۆشەرانی ئێمە و بەو کارەمان، خۆمان دەستی وانمان لە سەر خۆمان بە هێزترو بەر بڵاوتر کردوا. لە لایەکی تریشەوە ئەم بێ دەنگی و ئەم بێ ئیرادە یەی ئێمە وای کردوا دڵی زامداری کەس و کارو بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدەکانمان زامدار ترو پڕ ئازار تر کردوا. بۆیە بەڕاستی هەقە چیتر ڕێگا نەدرێ دڵی بنەماڵە و کەس وکاری سەرجەم ئەو شەهیدانەی کە بزوتنەوەی بەناو ئیسلامی بوو بە باحیسی شەهید کرانیان و ئەو شەهیدانەش کە لە سێتەرەی یەکێتی و بە دەستی ژمارە یەک چەکداری ئەو یەکێتیێ شەهید کران هەر وا بە ئازارە وەو بە ئاواتی سەزا درانی تاوان باران لە ئازاری زیاترو چاوە ڕوانی زیاتر بمێنەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی دەستی سێتەرەی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان . لە کۆتایدا هیوادارم بەهیم مەتی دڵسۆزانەی گشت لایەک ڕێگانەدرێ تاوان باران بەبێ سەزادان بمێننەوە و خوێنی پاکی شەهیدەکانمان بەفیڕۆو دڵی بنەماڵەوکەسو کارو هاوسەنگەرانی شەهیدەکانمان هەروا بەزامداری و ساڕێژ نەکراوی وەمێنن ،باکوڕانی ڕاستەقینەی یەکێتی لەم تاوانە مەزنە بکۆڵنەوە وتاوان باران سەزابدەن.

بەوهیوایەی.

**خالید خورینجی 11-27-2016**

......

کۆکراوەی بەشیک لە بابەتەکان، نووسەران خۆیان لە نووسینەکانیان بەرپرسیارن

سەرچاوە: پێشمەرگەکان

**www.peshmergekan.com**

**https://pmnews.se**